International Labour Organization

Funded by the European Union

# فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراقدا



## ◄ فراوانکردنـــی دەســـتەبەری کۆمەڵایەتی بـــۆ کرێکارانی ڕۆژانـــە لـــە کەرتی بیناســـازیدا لـــە عێراقی فیـــدراڵ و هەرێمـــی کوردســـتانی عێراقدا

© حقوق النشر محفوظة لمنظمة العمل الدولية 2025

الطبعة الأولى 2025

هذا الـعمل مرخص بموجب ترخيص المشـاع الإبداعـي نسب المصنف 4.0 دولـي. انظر الموقـع التالـي: creativecommons.org/licences/by/4.0. ويمكن لـلمستخدم إعـادة استعمـال أو مشـاركة (نسخ وإعـادة توزيـع) وتكييف (إعـادة مزج وتحويل والاستنـاد إلـى الـعمل الأصلـي) كمـا هو مـفصل فـي الترخيص. ويجب علـى المستخدم أن يذكر منظمـة الـعمل الدوليـة بوضوح باعتبارهـا مالكـة الـعمل الأصلـي وأن يشير إلـى مـا إذا تم إجراء تـغييرات عليـه. لا يُسمـح بـاستخدام رمز واسم وشـعار منظمـة الـعمل الدوليـة فيمـا يتعلـق بالترجمـات أو التـعديلات أو غيرهـا من الأعمـال المشتقـة

**الإسنـاد -** يجب علـى المستخدم الإشـارة إلـى مـا إذا كان قد تم إجراء تـغييرات ويجب أن يستشـهد بالـعمل علـى النحو التالـي: توسيـع نطـاق الضمـان الاجتماعـي ليشمل العامـلين لحسـابهم الخـاص والعمّـال المسـاهمين فـي الأسرة بدون أجر فـي القطـاع الزراعـي فـي الـعراق الفدرالـي وإقـليم كوردستـان الـعراق ، جنيف: مكتب الـعمل الدولـي، 2025. © منظمـة الـعمل الدوليـة

**الترجمـات -** فـي حالـة ترجمـة هذا الـعمل، يجب إضـافـة نص إخلاء المسؤوليـة التالـي إلـى الإسنـاد: هذه ترجمـة لـحقوق الطبع والنشر الخاصـة بمنظمـة الـعمل الدوليـة. ولم يتم إعداد هذه الترجمـة أو مراجعتهـا أو المصادقـة عليهـا من جـانب منظمـة الـعمل الدوليـة ولا ينبغـي اعتبارهـا ترجمـة رسميـة لمنظمـة الـعمل الدوليـة. وتخلـي منظمـة الـعمل الدوليـة مسؤوليتهـا الكاملـة عن محتواهـا ودقتهـا. وتقـع المسؤوليـة علـى عـاتق صـاحب (أصحـاب) الترجمـة فـقط

**التـعديلات -** فـي حالـة تـعديل هذا الـعمل، يجب إضـافـة نص إخلاء المسؤوليـة التالـي إلـى الإسنـاد: هذا تـعديل لـعمل محمـي بحـقوق الطبـع والنشر لمنظمـة الـعمل الدوليـة. ولم يتم إعداد هذا التـعديل أو مراجعتـه أو المصادقـة عليـه من جـانب منظمـة الـعمل الدوليـة ولا ينبغـي اعتبـاره تـعديلاً رسميـاً لمنظمـة الـعمل الدوليـة. وتخلـي منظمـة الـعمل الدوليـة مسؤوليتهـا الكاملـة عن محتواه ودقتـه. وتقـع المسؤوليـة علـى عـاتق صـاحب (أصحـاب) التـعديل فـقط

**مواد صـادرة عن طرف ثـالث -** لا ينطبق ترخيص المشـاع الإبداعـي هذا علـى المواد المحميـة بحـقوق الطبـع والنشر غير التابعـة لمنظمـة الـعمل الدوليـة والواردة فـي هذا المنشور. إذا كانت المـادة مسندة إلـى طرف ثـالث، فـإنّ مستخدم هذه المواد هو المسؤول الوحيد عن الحصول علـى الأذونـات اللازمـة من صـاحب الـحقوق وسيكون وحده المسؤول عن أي انتهـاك مزعوم

أي نزاع ينشـأ بموجب هذا الترخيص ولا يمكن تسويتـه وديـاً يحُـال إلـى التحكيم وفقـاً لـقواعد التحكيم الخاصـة بلجنـة الأمم المتحدة للقـانون التجـاري الدولي (الأونسيترال). ويـلتزم الطرفـان بـأي حكم يصدر نتيجـة لـهذا التحكيم باعتبـاره الحكم النهائي لمثل هذا النزاع

لمزيد من التفـاصيل بشـأن الحـقوق والتراخيص يرجـى التواصل عبر البريد الإلكترونـي: rights@ilo.org. ولـلحصول علـى مزيد من التفـاصيل حول منشورات منظمـة الـعمل الدوليـة والمنتجـات الرقميـة، يرجـى زيـارة الموقـع التالـي: www.ilo.org/publns

إن التسميـات المستخدمـة فـي منشورات وقواعد بيانـات منظمـة الـعمل الدوليـة، والتـي تتوافق مـع ممارسـات الأمم المتحدة، وعرض المواد الواردة فيهـا، لا يعنـي بـالضرورة التـعبير عن أي رأي من جـانب منظمـة الـعمل الدوليـة بشـأن الوضـع القانونـي لأي بـلد أو منطقـة أو إقـليم أو سـلطاته، أو بشـأن ترسيم حدوده. انظر: www.ilo.org/disclaimer

الآراء ووجهات النظر الواردة في هذا المنشور هي آراء المؤلفين، ولا تعكس بالضرورة آراء أو وجهات نظر أو سياسات منظمة العمل الدولية.

ISBN: 9789220419717 (web PDF).

متوفر ايضًا:
اللغة الانجليزية

Extending social security to casual workers in the construction sector in Federal Iraq and the Kurdistan Region of Iraq
ISBN: 9789220419694 (web PDF)
DOI: https://doi.org/10.54394/AASH4337

اللغة العربية
توسيع نطاق الضمان الاجتماعي ليشمل العمّال بأجر في قطاع البناء في العراق الاتحادي وإقليم كوردستان بالعراق

ISBN: 9789220419700 (web PDF).

إن الإشـارة إلـى أسمـاء الشركات والمنتجـات والعمليـات التجاريـة لا تعنـي بـالضرورة تـأييد منظمـة الـعمل الدوليـة لهـا، وأي إغفـال لذكر شركـة أو منتـج تجـاري أو عمليـة معينـة لا يُـعدّ علامـة علـى عدم الموافقـة.v

صورة الغالف: © ميثاق الخطيب/ منظمة العمل الدولية

**ڕەتکردنەوەی بەرپرسیاریەتی: ئەم بڵاو کراوەیە بەپاڵپشتی دارایی یەکێتی ئەوروپا بەرهەم هێنراوە. ناوەڕۆکەکەی تەنها بەرپرسیاریەتی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتییە و مەرج نیە ڕەنگدانەوەی بۆچونەکانی یەکێتی ئەوروپا بێت**

# ◄ سوپاس وپێزانین

ئــەم ڕاپۆرتــە لــە چوارچێوەی هەوڵــە هاوبەشــەکانی نێوان ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی (ILO) و پەیمانــگای گەشــەپێدانی دەرەوەی وڵات (ODI) بەرهــەم هێنراوە، کــە لــە چوارچێوەی بەرنامــەی پاراستنــی کۆمەڵایەتــی بۆ عێراق: " جەختــکردن لــە وەڵامدانــەوەی کاریگــەر و خێراکردنــی چاکسازی" لــە لایــەن یەکێتــی ئەورووپــاوە پشتــگیری دارایــی کراوە

ئــەم ڕاپۆرتــە لــە لایــەن ئــایرین سێــلوانێس، پرۆفیسۆری یــاریدەدەری ئــابووری لــە کۆلێژی ئــابووری و زانستــە سیاسیــەکان لــە زانکۆی قــاهیرە لــە میسر و ئەندامــی توێژەر لــە کۆربــەندی توێژینــەوەی ئــابووری و ڕاوێژکاری پەیمانــگای گەشــەپێدانی دەرەوەی وڵات؛ موســلیح ئیروانــی، پرۆفیسۆری یــاریدەدەری کۆمەڵایەتــی و سیاســەتی گشتــی لــە زانکۆی ئەمریکــی لــە عێراق ؛ و مــارتن ئیڤــانز، توێژەری بــاڵا لــە گەشــەپێدان و دارایــی گشتــی لــە پەیمانــگای گەشــەپێدانی دەرەوەی وڵات ئامــادەکراوە. لــە ژێر بەرپرسیارێتــی گشتــی و دڵنیایــی جۆری مەهــا قەتــاع، پسپۆری بــاڵای خۆراگری و وەڵامدانــەوەی قەیرانەکان/ڕێکخــەری وڵاتیــی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی لــە عێراق، ڕاپۆرتەکــە سوودی لــە زانیــاری تەکنیکــی و بــەشداری بەنرخــی ئیــگور بۆسك، ســەرۆکی ڕاوێژکاری تەکنیکــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی/عێراق) و کارینــا لێڤینــا، بەرپرســی تەکنیکــی پاراستنــی کۆمەڵایەتــی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی/عێراق)، ویســام ئەلبەهادیلــی، بەرپرســی تەکنیکــی بەڕێوەبردنــی کار (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی/عێراق)، محەمــەد فەرمــان، بەرپرســی پرۆژەی نیشتمانــی پاراستنــی کۆمەڵایەتــی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی/عێراق) و تــەیف ئەلواچــی، بەرپرســی پرۆژەی نیشتمانــی پاراستنــی کۆمەڵایەتــی (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی/عێراق) وەرگرتووە

کلێر پێدریك پێداچوونــەوەی زمانــی ئینــگلیزی توێژینەوەکــەی کردووە. کۆمپانیــای نۆرس لەیــک توێژینەوەکــەی وەرگێڕاوەتــە ســەر زمانــی عەرەبــی و کۆمپانیــای تــەرزین وەریــگێڕاوە بۆ زمانــی کوردی. سولەیمــە غورەیب بوستانــی پێداچوونــەوەی زمانــی عەرەبیــی توێژینەوەکــەی کردووە و خــالد حسین پێداچوونــەوەی زمانــی کوردی توێژینەوەکــەی کردووە. ئیلێنــا بۆبرۆڤیــچ بەڕێوەبردنــی دیزاینــی گرافیکــی دابین کرد، لەوانــەش دیزاینــی بــەرگ و تــاپیکردن

توقــا رەماحــي و رغدة محــي بــەڕیوەبردن و گرافیــک دیزاینیــان دابین کردووە ،لەوانــەش دیزان کردنــی بــەرگ و تاپیــکردن

1

# پێشەکی

# پێشەکییەکە

ئەم ڕاپۆرتە بۆ دارشتنی ڕێسایە لەسەر فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی ڕۆژانەی بەکرێ لە کەرتی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا. ئەمە یەکێکە لە سێ ڕاپۆرت کە لە پرۆژەی فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا ئامادەکراون، کە لەلایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە ئۆفیسی وڵاتی عێراق کاری بۆ کراوە

ئامانجەکانی ئەم ڕاپۆرتە سێ لایەنەیە. هەوڵ دەدات بۆ:

- دیاریکردنی بەڵگەی چەندایەتی لەسەر تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی ڕۆژانەی بەکرێ لە کەرتی بیناسازیدا، هەروەها بەڵگەی چۆنایەتی لەسەر پێداویستییەکانیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕوویان دەبنەوە لە ناو تۆمارکردن و بەشداریکردن و دەستگەیشتن بە مافەکانی بەرنامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت.

- دەستنیشانکردنی شێوازەکان بە کردارییی بۆ فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی لە عێراقدا[1]، کە پەیوەندی نەك تەنها بە چاکسازی یاسایی و ڕێساکانەوە هەیە، بەڵکو پەیوەندی بە گونجاندنی ڕێنماییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ڕێکارەکانی دامەزراوەکان، هەوڵەکانی هۆشیاری و پەیوەندیکردن، بەهێزکردنی توانای جێبەجێکردن، کاری هاریکاری و هاوبەشی لەگەڵ لایەنە حکومییەکانی تردا هەیە، هەڵسەنگاندنی ڕێکارەکانی تێچوون و پارەدان و هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەو حاڵەتانەی بەشدار نین.

- پێشکەشکردنی ڕێنمایی لە ئاستی باڵادا سەبارەت بە بژاردە لەپێشینەکانبۆ بەرەوپێشبردنی ستراتیژی نیشتمانی سەبارەت بە فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا

دوو جۆر و سەرچاوەی بەڵگە بە سەرەکی دادەنرێن:

- کۆمەڵێك پرۆفایل کە وەسفی تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی ڕۆژانەی بەکرێ لە کەرتی بیناسازیان تیدایە. ئەمانە لە لایەن ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتیەوە لە زانیاری تایبەت (مایکرۆداتا)ی ڕووپێوی هێزی کاری عێراق لە 2021 دا بەرهەم هاتوون (CSO و ئەوانی تر 2022).

- داتای نوێی چۆنایەتی سەبارەت بەو بەربەستانەی کە ڕووبەڕووی کرێکارانی ڕۆژانەی کەرتی بیناسازی دەبنەوە لە ناو تۆمارکردن و بەشداریکردن و دەستگەیشتن بە مافەکان لە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. ئەو ئاڵنگارییانە هەڵدەسەنگێندرێن کە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانی دیکە دەبنەوە لە فراوانکردنی ڕووماڵ بۆ ئەم کرێکار و خاوەنکارانە. ئەم داتایانە لە ڕێگەی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی (KII) و لە ڕێگەی گفتوگۆی گروپی سەرنج (FGD) لەگەڵ کرێکاران و خاوەنکارەکان بەدەستدەهێنرێن.

[1]لەم ڕاپۆرتەدا دەستەواژەی "عێراق" ئاماژەیە بۆ هەردوو عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستانی عێراق. "عێراقی فیدراڵ" بە تایبەتی ئاماژەیە بۆ ئەو ناوچەیە کە هەرێمی کوردستان ناگرێتەوە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستانی عێراق وەك هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر(خۆسەری) لە بەشی باکووری وڵاتدا ناسێنراوە.

[2]لەم ڕاپۆرتەدا کرێکار و کارمەندی بە کرێ لەبری یەکتری بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی ئەو کرێکارانەی کە کرێ یان پاداشتێکی دیکە بەرامبەر کارەکانیان وەردەگرن

دوابەدوای ئەم پێشەکییە، بەشی دووەم، کورتەیەك لە کەرتی بیناسازی و ڕەوتە سەرەکییەکانی بازاڕی کار کە کاریگەرییان لەسەر کارکردن لەم کەرتەدا هەیە، دەخاتە ڕوو. پاشان شیکاری وەسفکەری تایبەتمەندییەکانی کرێکارانی بە مووچە (ڕۆژانە و ئاسایی) لە کەرتی بیناسازیدا، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021، لە بەشی سێیەمدا دەخرێتەڕوو. بەشی چوارەم باس لە ئەنجامە چۆنایەتییەکان دەکات لەسەر بنەمای کاری مەیدانی، لەوانەش ئاستەنگی سەرەکی بۆ ناو تۆمارکردن و تێڕوانینی کرێکاران لە کەرتی بیناسازی سەبارەت بە بایەخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. بەشی پێنجەم بە توانای چارەسەر بۆ ئاستەنگەکانی بەردەم پێشخستنی ناو تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت، کە پشت بە دەرەنجامی شیکاریە چۆنایەتییەکان دەبەستێت


# 2

# پێشینە: کەرتی بیناسازی

# پێشینە: کەرتی بیناسازی

بـەشداری کەرتـی بیناسـازی لـە بەرهەمـی ناوخۆیـی عێراقدا لـە سـاڵی 2019 دا بـە بـەراورد بـە وڵاتانـی دراوسـێ زیـاتر بوو. تێکڕای بەهـای زیـادکراوی کەرتـی بیناسـازی لـە سـاڵی 2019 دا 7.4% ی بەرهەمـی ناوخۆیـی گشتـی عێراقـی پێکهێنـاوە کـە لـە وڵاتانـی دراوسـێ، ئەوانـەی دەرەوەی ئەنجوومەنـی هـاوکاری کـەنداو، زیـاترە (Radhi and Halim 2021). بـەڵام هەڵبـەز و دابەزێکـی بـەهێز لـە بەهـای زیـادکراوی ڕاستەقینـەی کەرتەکـەدا هـەبووە، بـە شێوەیەکـی سـەرەکی بـەهۆی قەیرانـی کۆڤید19- و دابەزینـی داهاتـی نەوتـەوە، کـە لـە ئەنجـامدا پشکـی کەرتـی بیناسـازی لـە بەرهەمـی گشتـی ناوخۆیـی (بـە نرخـی بـەردەوام) لـە سـاڵی 2021 دا بۆ 3% دابـەزی، وەك لـە وێنـەی 1 دا نیشـان دراوە

وێنە 1. بەشداریکردنی کەرتی بیناسازی لە بەرهەمی گشتی ناوخۆیی (%) بە نرخی بەردەوام، عێراق




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای کۆکراوەی ئاماری 2022-2023

(cosit.gov.iq/documents/AAS2023/14.pdf)

کەرتـی بیناسـازی بایەخێکـی ستراتیژی لـە بـازاڕی کاردا هەیـە بـەو پێیـەی چالاکییەکـی ئابوورییـە کـە بـەرزترین ئاستـی هەلـی کاری دەڕەخسێنێت، کـە لـە سـەدا 16.3% ی کۆی دامـەزراندن و 1.4 ملیۆن هەلـی کار پێکدەهێنێت (CSO و ئەوانـی تر 2022). هەلـی کار لـە پیشەسـازی بیناسـازیدا لـە مـاوەی پێنـج سـاڵی ڕابردوودا زیـادی کردووە، بـەهۆی خواستـی زۆر لەسـەر هەوڵـی ئاوەدانکردنـەوە؛ هەروەهـا کەرتـی تایبـەت بەشدارییەکـی بەرچاوی لـە پیشەسـازی بیناسـازیدا هەیـە. لـە سـاڵی 2018 دا وا مـەزەندە کراوە کـە لـە سـەدا 15 ی سـەرجەم کارەکانـی کەرتـی تایبـەت لـە عێراقدا لـە کەرتـی بیناسـازیدا بووە (بانکـی جیهانـی 2018). تـا سـاڵی 2021 ئـەم پشکـە بـە زیـاتر لـە سـەدا 10 خـاڵ گەشـەی کردووە و گەیشتووەتـە زیـاتر لـە چـارەکێك (لـە سـەدا 26) ی سـەرجەم کارەکانـی کەرتـی تایبـەت (وەك لـە وێنـەی 2 دا نیشـاندراوە)

لـەم ڕاپۆرتـەدا دەستـەواژەی "عێراق" ئاماژەیـە بۆ هـەردوو عێراقـی فیدراڵـی و هەرێمـی کوردستانـی عێراق. "عێراقـی فیدراڵـی" ئاماژەیـە بۆ هـەرێم بەدەرکردنـی هەرێمـی کوردستـان، بـەو پێیـەی هەرێمـی کوردستانـی عێراق وەک هەرێمێکـی ئۆتۆنۆم لـە بەشـی بـاکوری وڵات نـاسێنراوە

توێژینەوەکانی پێشوو کەرتی بیناسازیان وەك سەرچاوەیەکی بەتوانا بۆ دروستکردنی هەلی کار لە ماوەی کورتخایەندا، تاوتوێ کردووە . ئەمەش بەهۆی پێویستی ئاوەدانکردنەوەی دوای ململانێ بووە، لەگەڵ کاری چاککردنەوەی ژێرخانی سەرەتایی وەك ڕێگاوبان و پرد و جۆگەکانی ئاودێری و ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی و گەیاندنەکانی کارەبا. سەرباری ئەوەش پێویستییەکی بەپەلە هەیە بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی گەورەی خانووبەرە و دروستکردن و پاراستنی بینای قوتابخانەکان (بانکی جیهانی 2018). هەروەها، ئەم کەرتە پەیوەندییەکی دواکەوتەی گرنگی لەگەڵ پیشەسازییەکانی دیکەدا هەیە کە دەتوانێت هەلی کاری ناڕاستەوخۆی زیاتر بڕەخسێنێت و لە دروستکردنی هەلی کار لە ماوەی مامناوەند و درێژخایەندا بەشداری بکات. حاڵەتەکە بەم شێوەیەیە، بۆ نموونە، بۆ دروستکردنی کەرەستەی بیناسازی، کە دووەم گەورەترین کەرتە دوای پرۆسەی خۆراك (بانکی جیهانی 2018). هەروەها بیناسازی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان لە وڵاتدا، بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی کەمکردنەوەی تێچووی مامەڵەکان کە ئەمەش بەهۆی نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری و قیرتاوکردنی ڕێگاکانەوە دێتە دی. قیرتاوکردنی ڕێگاوبان دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە دەستگەیشتن بە قوتابخانە و یەکە تەندروستییەکان و ئەمەش بەشێوەیەکی بەرفراوانتر هەلی کاری بەرهەمدارتر دەڕەخسێنێت (بانکی جیهانی 2018)

کەرتی بیناسازی بۆ چەند چینێکی جیاوازدا دابەش دەکرێت. چینی یەکەم لە کۆمپانیاکانی بیناسازی پێکهاتووە، قەبارەی پڕۆژەی گەورەیان بە تێکڕا 100 ملیۆن بۆ 10 ملیار دیناری عێراقیە و زۆربەیان پیشەی پیشەگەران و پیشەگەرانی هاوبەش لەخۆدەگرن، لەوانە کارمەندی کارگێڕی، ئەندازیار، کرێکاری لێهاتوو و کرێکاری نیمچە لێهاتوو. چینی دووەم لە بەڵێندەران پێکهاتووە، کە قەبارەی پڕۆژەکانیان لە پڕۆژەی کۆمپانیا گەورەکان بچووکترە و بە تێکڕا 50 بۆ 500 ملیۆن دینارە. بەڵێندەران هەموو جۆرە دەستی کاری پێویست بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی بیناسازی بەکاردەهێنن: کارمەندی کارگێڕی و ئەندازیار و کرێکار لە هەموو ئاستەکانی کارامەییدا. چینی سێیەم کە زیاتر پەرتەوازەیە و بچووکترە، لە بەڵێندەرانی لاوەکی ناوخۆیی پێکهاتووە، کە قەبارەی پڕۆژەکانیان لە 20 ملیۆن دینارەوە دەست پێدەکات و تێکڕا لە 50 ملیۆن دینار تێناپەڕێت. ئەم بەڵێندەرە لاوەکیانە کار لەسەر بەشە تایبەتەکانی پڕۆژەی بیناسازی دەکەن، و تەنها کرێکاری نیمچە لێهاتوو یان ناشارەزا دادەمەزرێنن (ڕادی و حەلیم 2021؛ یونسکۆ 2019)

ژمارەیەك ئاڵنگاری هەیە کە پەیوەندی بە کاری بیناسازیەوە هەیە. بەشێکی زۆری کارەکان لە کەرتی بیناسازیدا زۆر ناجێگیرن، نافەرمی و ڕێکنەخراون و کرێکاری کاتی و هەروەها ڕۆژانەیان تێدایە، کە بە کاری ڕۆژانە ناسراوە.
هەرچەندە کرێکارانی کاتی و ڕۆژانە بەپێی یاسای کار لە عێراقی فیدراڵ و ڕەشنووسە یاسای کاری هەرێمی کوردستان مافی هەمان مەرج و ئەحکامی کارکردنیان وەك کرێکارانی هەمیشەیی هەیە، بەڵام میکانیزمەکانی ڕێکخستنی ئەوەی چۆن کرێکارانی ڕۆژانە لە لە زۆرترین دەقەکانی ئەم یاسایانە سوودمەند بن لە ڕووی پراکتیکییەوە ڕوون نین (ILO 2021a، ل25).

لەڕاستیدا زۆربەی ئەو کەسانەی کە خەریکی کاری کرێکاری ڕۆژانەن، لەبەر پێویستی ئەو کارە دەکەن نەك بە ئارەزووی خۆیان هەڵیبژێرن، ئەگەر ڕێژەی بەرزی بێکاری لە عێراق لەبەرچاو بگرین (لە سەدا 16.5 لە ساڵی 2021 بۆ تەمەنی 15-64 ساڵ (CSO و ئەوانی تر 2022)). بۆیە کاری ڕۆژانە ڕووی لەوەیە کە ببێتە ڕێگەیەکی دەستبەجێ و گونجاو بۆ بەدەستهێنانی داهات کاتێك کرێکارەکە دەرفەتی باشتری دەست نەکەوێت، هەرچەندە زۆر جار بارودۆخی خراپی کارکردن و کاری زەحمەتی جەستەیی و ناجێگیری دەرفەت لەخۆدەگرێت (ILO 2021a). بێجگە لە ئەو پرسیارەی کە چۆن کرێکارانی ڕۆژانە دەتوانن دەستیان بە دەقە یاساییەکانی یاسای کار بگات – هەرچەندە ئەم یاسایانە ئەم پۆلە کرێکارە دەگرێتەوە – ئاستێکی تری ئاڵۆزی هەیە لە تۆمارکردنی کرێکارانی ڕۆژانە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە ئەویش پەیوەندی بە چۆنیەتی

کرێکاری ڕۆژانە (casual labour)
ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لەسەربنەمای پارچەکارو کاری کاتی یان وەرزی بەکرێی کاتژمێر یان ڕۆژانە کاردەکەن. کاری نافەرمی لە چوارچێوەی کەرتی فەرمیدا پەیوەندی بەکاری ڕۆژانەوە هەیە، بەتایبەتی کرێکاری وەرزی یان کاتی ، کە لەوانەیە لەلایەن کۆمپانیای تۆمارکراوی فەرمییەوە بە کرێ بگیرێن. ئەم کەسانە زۆربەیان کرێکەیان بە پارەی کاش دەدرێتە دەستیانەوە و وەک کارمەندی کۆمپانیاکە بەفەرمی تۆمار نەکراون

بێجگە لە پرسیاری ئەوەی کە چۆن کرێکارانی ڕۆژانە دەتوانن دەستیان بە دەقە یاساییەکانی یاسای کار بگا — هەرچەندە ئەم یاسایانە ئەم پۆلە کرێکارە دەگرێتەوە — ئاستێکی تری ئاڵۆزی هەیە لە تۆمارکردنی کرێکارانی ڕۆژانە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە ئەویش پەیوەندی بە چۆنیەتی پێدانی کرێی کرێکارانەوە هەیە. کرێکارانی ڕۆژانەی بەکرێ بەزۆری ڕۆژانە کرێیان پێدەدرێت (هەر جارەی کرێی یەك ڕۆژ)، بۆیە کێشەیەکی باو ئەوەیە کە چۆن ناویان تۆمار بکرێت بۆ سوودە دیاریکراوەکان (وەك ئەوەی لە عێراقدا هەیە). کە بۆ ئەو کرێکارانە داڕێژراون کە ئەگەری هەیە بتوانن چەند ساڵێك لە بەشداریکردن کەڵەکە بکەن (وەك کرێکارانی کەرتی گشتی و کرێکارانی فەرمی کەرتی تایبەت). پلانی ئارەزومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە لە عێراقی فیدراڵدا بە یاسای نوێی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت ژمارە 18 ی ساڵی 2023 خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، ڕێژەی بەشداریکردنی بۆ کرێکاری خاوەنکاری خۆی و کرێکاری سەربەخۆ و کرێکاری نافەرمی و نائاسایی لە سەدا 5 ی داهاتی مانگانەی داناوە. لە هەرێمی کوردستاندا لە کاتێکدا یاسای ژمارە 4 ی ساڵی 2012 کە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران ژمارە 39 ی ساڵی 1971 هەموار دەکاتەوە، بەپێی یاسا پلانێکی ئارەزومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاری خاوەنکاری خۆی و کرێکاری سەربەخۆ و کرێکاری نافەرمی و نائاسایی لە کەرتی تایبەتدا پێشکەش دەکات، نەبوونی ڕێکخستنی یاسایی وایکردووە تا ئێستا ئەم برگانە جێبەجێ نەکرێن. لە ئێستادا پرۆژە یاسایەکی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت هەیە کە لە لایەن پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە تاوتوێی دەکرێت، بەڵام زانیاری سنووردار سەبارەت بە وردەکارییەکان لەبەردەستدایە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئەم باسەی خوارەوە لەسەر بنەمای دۆخی عێراقی فیدراڵیە، بەڵام پێویستە لە لایەن داڕێژەرانی سیاسەتەوە لە هەرێمی کوردستانیشدا لەبەرچاو بگیرێت بەهۆی هاوشێوەیی ژینگەکەوە

بە لەبەرچاوگرتنی ناجێگیری و ناڕێکی داهات لە کەرتی نافەرمیدا، کەمترین کرێی نیشتمانی (کە لە ساڵی 2024 دا بە 350 هەزار دینار دانرا) وەك پێوەرێك بۆ حیسابکردنی ڕێژەی بەشداریکردن بۆ کرێکارانی نائاسایی بەکارهێنراوە. ئەو کرێکارانەی ناویان لە پلانی ئارەزومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمار دەکەن دەتوانن لە نێوان 15 پۆلی داهاتدا پۆلێك هەڵبژێرن کە لە بەرامبەر کەمترین مووچەدا پێوانەکراون، وەك لە فەرمانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە 1/2024 دا هاتووە، کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی عێراقی ژمارە 4774 لە 13 ی ئایاری 2024 دا بڵاوکراوەتەوە. پۆلی کەمترین داهات یەکسانە بە کەمترین کرێی نیشتمانی و بەشداری مانگانەی 17,500 دیناری بەدوای خۆیدا دەهێنێت. بەڵام ئەمە نیگەرانی ئەوە دەوروژێنێت کە ئەو کرێکارانەی کە داهاتی مانگانەیان لە خوار کەمترین کرێی نیشتمانییەوەیە، ڕەنگە بۆچوونیان وابێ کە زەحمەتە بتوانن لە پلانی ئارەزومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن. لەگەڵ ئەوەی کەرتی بیناسازی یەکێکە لە کەرتەکان کە بەرزترین ڕێژەی کرێکاری هەژاری تێدایە، کە لە سەدا 72.4 ی کرێکارەکانی وەك کرێکاری کەم داهات پۆلێنکراون (CSO و ئەوانی تر 2022)، پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە تا چەند کرێکارانی نائاسایی لەم کەرتەدا داهاتی کەمترین کرێ یان زیاتریان دەست دەکەوێ و چەند کەس داهاتیان لە خوار کەمترین کرێیە؟ سەرەڕای ئەوەش، لەبەر ئەوەی ڕۆژانە کرێیان پێدەدرێت، ئەم کرێکارانە لەوانەیە ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببنەوە لەوەی پاشەکەوتی پێویست کۆبکەنەوە تا ئەو کاتەی کە دەبێت پارەی بەشداریی مانگانە بدەن. بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەم پلانە بۆ ئەو کرێکارانەی کە داهاتەکانیان لەخوار کەمترین کرێوەیە تێچوویەکی زۆربێت، چونکە بەشدارییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتییان لەسەر بنەمای کرێیەکی زیاتر دەبێت لەو برە پارەیەی کە لە ڕاستیدا وەریدەگرن. هەروەها داڕشتنی شێوازی بەشداریکردنەکانی ئەگەری هەیە ئاستەنگی توانای پابەندبوون دروست بکات

هەروەها ناو تۆمارکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەو مانایە دێت کە کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی و خێزانەکانیان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دوور دەخرێنەوە. تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی هاوکارییەکی کۆمەڵایەتی بێ بەشداریکردنە پێشکەش بەو خێزانانە دەکرێت کە داهاتیان نییە، یان داهاتیان لە خوار هێڵی هەژارییەوەیە، لەگەڵ پۆلە دەستەوسانەکانی دیکە، بەپێی یاسای پاراستنی کۆمەڵایەتی ژمارە 11 ی ساڵی 2014.

پۆلە دەستەوسانەکانی دیکە، بەپێی یاسای پاراستنی کۆمەڵایەتی ژمارە 11 ی ساڵی 2014. لێسەندنەوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کەسانی کەم داهات و خێزانەکانیان، تەنها لەسەر بنەمای تۆمارکردنی یەکێك یان چەند ئەندامێکی خێزانەکە لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، پێچەوانەی ئەو ڕێبازە پشتبەستوو بە مافەیە بۆ پاراستنی کۆمەڵایەتی، کە لە لایەن ڕێککەوتننامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (کەمترین ستانداردەکان) ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی، ساڵی 1952 (ژمارە 102) و پەیمانی نێودەوڵەتی مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، 1966، کە هەردووکیان لە لایەن عێراقەوە پەسەندکراون برەوی پێدەدرێت. بەو پێیەی کە پێوەری گرنگ و تایبەتمەندی دارشتنی پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزومەندانە ئەوەیە کە بەشدارییەکی مانگانەی جێگیر بدەی، کشاندنەوەی هاوکاری کۆمەڵایەتی لە کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی پرسیارێکی جدی سەبارەت بە بەشداریکردنیان دروست دەکات. ئەمە بە تایبەتی جێگەی نیگەرانییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی داهاتیان نارێك و ڕۆژانەیە. توانای سنووردارییان بۆ بەشداریکردن، کە بەهۆی کشاندنەوەی یارمەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی و بەهۆی هەڵبەز و دابەزی داهاتەوە خراپتر دەبێت، ڕەنگە بە شێوازی بنەڕەتی پێشوەختە لە تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بێبەشیان بکات. هەروەها، نەدانی بەشدارییەکان تا کۆتایی ساڵی دارایی دەبێتە هۆی سزا، کە کرێکاران پێویستە بەشدارییەکانی حکومەت بۆ ئەو ماوەیەی کە پارەدان دواکەوتووە، بدەن. ئەمە نەك هەر هەژاری کرێکاران سەختتر دەکات و دەستەوسانی لە نێوان کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا زەحمەتتر دەکات، بەڵکو ڕەنگە هانیان بدات بۆ ئەوەی لە یارمەتی بەردەوامی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بمێننەوە نەك لە یارمەتی کۆمەڵایەتی بێ بەشداریکردنەوە بگوازرێنەوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەشداربوو

ئاڵنگارییەکی دیکەی گرنگ بۆ کەرتی بیناسازی ئەوەیە کە کارکردن لەم کەرتەدا لە ئاستی جیهانیدا بە یەکێك لە مەترسیدارترین کەرتەکان دادەنرێت لە ڕووی بەرکەوتنی کار و نەخۆشی پیشەییەوە بەهۆی کەوتنەبەر ماددەی مەترسیدار و مردنی پەیوەست بە کار (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2023b). بونیا (Buniya) و ئەوانی تر (2021) باس لەوە دەکەن کە ڕووداوەکانی پیشەسازی بیناسازی لە سەدا 38 ی کۆی ڕێژەی ڕووداوە پیشەسازییەکان لە عێراق پێکدەهێنن، بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی. داتاکانی ڕووپێوی هێزی کار سەبارەت بە ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە بە شێوەیەکی کاتی لەسەر کار ئامادەنەبوون بەپێی کەرت ئاماژە بەوە دەکەن کە لە ساڵی 2021 دا نزیکەی 24,955 کرێکاری بیناسازی (لە کۆی 1,401,514 کرێکاری کەرتەکە) بۆ ماوەیەکی کاتی لەسەر کار ئامادەنەبوون (CSO و ئەوانی تر 2022). بیناسازی یەکێکە لەو سێ کەرتانەی کە ڕووداوی ئەرێنی ئامادەنەبوونی کاتی لە کاردا تێدایە، کەرتەکانی دیکە بریتین لە کارگێڕی گشتی و بەرگری و پەروەردە. هەرچەندە زانیاری لەسەر هۆکارەکانی ئامادەنەبوون بەپێی کەرت جیا نەکراونەتەوە، بەڵام ئامادەنەبوونی کاتی لەم دوو کەرتەی دواییەدا ئەگەری زۆرە بەهۆی هۆکارەکانی وەك پشوو، شیفتی کار، کاتبەندی نەرم، سروشتی کارەکە بێت، وەك لە CSO و ئەوانی تر (2022، ل101-100) نیشان دراوە. لە ساڵی 2021دا 22181 کرێکار (لە هەموو کەرتە ئابوورییەکان) بەهۆی نەخۆشی و تەندروستی خراپ یان ڕووداوەوە لە کارەکانیان ئامادە نەبوون (CSO و ئەوانی تر 2022). بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە زۆربەی ئەو کرێکارانەی کە بەهۆی هۆکاری پزیشکییەوە ئامادەنەبوون لە کەرتی بیناسازیدا بن. ئەمەش وا دەکات پرسیارەکانی بیمەی تەندروستی و پاراستن لە بەرکەوتن لە شوێنی کار/ کار و مەترسییەکانی نەخۆشی ببێتە مایەی بایەخدانێکی تایبەت بۆ کرێکارانی بیناسازی. بەڵام، پلانی ئارەزومەندانە بەپێی یاسای ژمارە 18 دەستگەیشتن بە بیمەی تەندروستی بە بەشداریکردن، سوودی بەرکەوتنی پیشەیی، سوودی نەخۆشی یان دەرماڵەی کەمئەندامی دابین ناکات. هەرچەندە قسە و باس هەیە کە بەشدارییەکانی حکومەت بەپێی ڕەشنووسە یاساکە لە هەرێمی کوردستان لقەکانی بەرکەوتنی کار و چاودێری تەندروستیش بگرێتەوە. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە، بەو پێیەی ئەم ڕەشنووسە یاسایە هێشتا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە لەوانەیە بگۆڕێن

ئەوانەی پێشتر باسکران ئەوە پیشان دەدەن کە کاری نافەرمی لەناو کەرتی فەرمی بیناسازیدا پەیوەندی بە کاری ڕۆژانەوە هەیە، بەتایبەتی کرێکارانی وەرزی یان کاتی، کە لەوانەیە لە لایەن کۆمپانیا فەرمیە تۆمارکراوەکانەوە کاریان پێبدرێ. لە کاتێکدا ئەمە ڕاستە، شیکاری وەسفکەری

ڕووپێوی هێزی کار 2021 کە لە بەشی داهاتوودا باس دەکرێت، ئەوە نیشان دەدات کە کاری نافەرمی سەبارەت بە سەرجەم کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی بیناسازیدا بەربڵاوە، بێ ڕەچاوکردنی ڕێکوپێکی کارەکان (ئاسایی بەرامبەر نائاسایی)، زۆربەی ئەو کارانەی بە کرێن لە یەکەی بزنسی نافەرمیدان (واتە لە کەرتی نافەرمین). جگە لە لێکۆڵینەوە لە بابەتی گرنگی چۆنیەتی بەدەستهێنانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا، ئەم شیکردنەوەیە دەریخستووە کە کرێکارانی بە مووچە، جگە لە کرێکارانی ڕۆژانە، ئەوانیش پێویستیان بە بایەخدان بە دەستەوسانی و نەبوونی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی هەیە

# 3


## دەرەنجامە چەندایەتییەکان:
## پرۆفایلی ڕووپێوی هێزی کار بۆ کەرتی بیناسازی

# دەرەنجامــە چەندایەتییــەکان: پرۆفایلی ڕووپێوی هێزی کار بۆ کەرتی بیناســازی

### 1.3. قەبارەی سەرجەم کەرتی بیناسازی

بیناسـازی بـە تێکڕا لـە سـەدا 16 ی کۆی دامـەزراندن (لـە سـەرجەم کەرتـی گشتـی و تایبـەت) لـە عێراقدا پێکدەهێنێت. لـە ڕووی قەبـارەی کەرتـی بیناسـازی لـە بـازاڕی کاردا جیاوازییەکـی گـەورە لـە نێوان عێراقـی فیدراڵ و هەرێمـی کوردسـتـاندا هەیـە. پشـکـی کەرتـی بیناسـازی لـە کۆی گشتـی کار لـە عێراقـی فیدراڵدا (لـە سـەدا 18) دوو هێندەی حکومەتـی هەرێمـی کوردستانـە (لـە سـەدا 7). لـە هـەردوو ناوچەکـەدا، کاری بیناسـازی بـە تـەواوی لـە کەرتـی تایبـەتدا چڕبووەتـەوە (لـە سـەدا 97 ی هەلـی کار). بـە تیشك خستنـە سـەر هەلـی کار لـە کەرتـی تایبـەتدا، وێنـەی 2 دەریدەخـات کـە بیناسـازی نزیکـەی 28 لـە سـەدی دامەزراندنـی کەرتـی تایبـەت لـە عێراقـی فیدراڵدا پێکدەهێنێت (نزیکـەی 1,262,117 کار) و نزیکـەی لـە سـەدا 11 ی دامەزراندنـی کەرتـی تایبـەت لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا (نزیکـەی 97,434 هەلـی کار). بـە بـەراورد لەگـەڵ کەرتەکانـی تردا، کەرتـی بیناسـازی لـە عێراقـی فیدراڵدا دوو هێندەی کەرتـی کشتوکاڵـە (لـە سـەدا 11 ی کارەکانـی کەرتـی تایبـەت) و زیـاتر لـە سێ هێندەی قەبـارەی کەرتـی دروستکردنـە (لـە سـەدا 8). لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا کەرتـی بیناسـازی هێندەی عێراقـی فیدراڵ گرنـگ نییـە و قەبارەکـەی کـەمێك بچووکترە لـە کشتوکاڵ (لـە سـەدا 13 ی هەلی کارەکانـی کەرتـی تایبـەت) و هـاوشێوەی کەرتـی دروستکردنـە (لـە سـەدا 12). باقـی ئـەم شیکارییـە تیشك دەخاتـە سـەر تایبەتمەندییەکانـی کرێکارانـی کەرتـی تایبـەت، بـەو پێیـەی زۆربـەی هەلـی کار لـە کەرتـی بیناسـازیدا لـە کەرتـی تایبەتدایـە

**وێنـەی 2. پشکی کەرتی بیناسازی (ڕێژەی سەدی و ژمارەی ڕەها) لە کاری کەرتی تایبەت لە عێراقدا**






سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

زیـاتر لـە دوو لەسـەر سێـی دامـەزراندن (لـە سـەدا 69، واتـە 973,495 کرێکار لـە کۆی 1,401,514) لـە ناوچـە شـارییەکاندان (CSO و ئەوانـی تر 2022). وێنـەی 3 دەریدەخـات کـە لـە سـەدا 31 ی هێزی کاری بیناسـازی عێراقـی فیدراڵ لـە بـەغدادی پایتـەخت چڕبووەتـەوە، دوای ئـەویش نەینـەوا دێت کـە لـە سـەدا 15 ی هێزی کاری بیناسازی لـەخۆ دەگرێت، پاشـان بـابل بـە لـە سـەدا 8 و کـەرکووك و دیالـە کـە هەریەکەیـان لـە سـەدا 6 ی هێزی کاری بیناسـازی لـەخۆ دەگرن. سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتـان، هێزی کاری بیناسـازی بـە نیمچـە یەکسـانی لـەنێوان سـلێمانی/هەڵەبجە (59%) و هـەولێر (41%) دابـەش کراوە

بـەغدادی پایتـەخت لـە سـەدا 29 ی سـەرجەمی دامـەزراندن لـە هـەموو کەرتەکانـی ئـابووریدا لـەخۆ دەگرێت (واتـە 2,044,922 کەسـی کارکـەر)، بۆیـە وا پێشبینـی دەکرێت بـەغداد ئـەو پارێزگایـە بێت کـە زۆرترین ڕێژەی دامـەزراندن لـە کەرتـە جیـاوازەکاندا لـەخۆ بـگرێت

### ◄ وێنەی 3. دابەشبوونی جوگرافی (%)ی کۆی گشتی کاری بیناسازی لە عێراقدا





سەرچاوە: داتاکان لە T40 لە CSO و ئەوانی تر 2021 وەرگیراون

تێبینی: ئەم دابەشکردنە هی کەرتی بیناسازییە بە گشتی، بە کەرتی گشتی و تایبەت بە هەموو جۆرە جیاوازەکانی کارەوە (کرێکاری بە بە مووچە، خاوەنکار، کرێکاری خاوەنکاری خۆی و کرێکاری سەربەخۆ). ڕووپێوی هێزی کار ژمارەی کرێکاران لە سلێمانی و هەڵەبجەی پێکەوە داناوە، بۆیە هەڵەبجە لەسەر نەخشەکە نیشان نەدراوە

## 3-2 قەبارەی گرووپی توێژینەوە

پێش ئـەوەی لـە قەبـارەی دامـەزراندی بـە کرێـی نارێك/ڕۆژانـە بکۆڵینـەوە، گرنگـە قەبـارەی کاری بـە بـە مووچـە لـە کەرتـی بیناسـازیدا بپشکنین. کاری بـە مووچـە (واتـە کارکردن بەرامبـەر بـە پێدانـی پـارە) جۆری سـەرەکی کارە لـە کەرتـی بیناسـازیدا، سـەرەڕای هـەندێك جیـاوازی ناوچەیـی لـە نێوان عێراقـی فیدراڵ و هەرێمـی کوردسـتاندا. شێوەی 4 دەریدەخـات کـە کارمـەندان لـە عێراقـی فیدراڵدا بـە تێکڕای لـە سـەدا 86 ی هێزی کاری بیناسـازی لـە کەرتـی تایبـەتدا پێکدەهێنن (1,089,037 کرێکار) و لـە 78% لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا کەمێك کـەمترە (97,434 کرێکار). کرێکارانـی بیناسـازی نزیکـەی چارەکێکـی کۆی گشـتی کار لـە کەرتـی تایبـەت لـە عێراقـی فیدراڵدا پێکدەهێنن، بـەڵام تەنهـا لـە سـەدا 9 لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا پێکدەهێنن


◄ **وێنەی 4. دابەشبوونی دۆخی دامەزراندن لە کەرتی بیناسازی، دامەزراندن لە کەرتی تایبەتدا**




سـەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسـەران، لەسـەر بنەمـای ڕووپێوی هێزی کار 2021

ئەو جۆرە دامەزراندەی کە ئەم توێژینەوەیە جەختی لەسەر دەکاتەوە – کاری ڕۆژانە/ناڕێکی بە کرێیە – زیاتر لە عێراقی فیدراڵدا باوە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان، کە زیاتر لە نیوەی دامەزراندنی کەرتی تایبەتی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵدا پێکدەهێنێت (لە سەدا 57 ی سەرجەم دامەزراندنی کەرتەکە)، بەڵام تەنها یەك لەسەر پێنجی دامەزراندن لە هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنێت (لە سەدا 20 ی سەرجەم دامەزراندن لەم کەرتەدا). تەنها لە ناو کرێکارانی بە مووچەدا، لە عێراقی فیدراڵدا لە کۆی سێ کرێکار دوو کرێکاریان بە شێوەی ڕۆژانە کار دەکەن (لە سەدا 63 ی کارمەندان/کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی تایبەتدا). ئەمەش بەو مانایە دێ کە گرێبەستەکەیان یان گرێبەستی ڕۆژانەیە، یان بۆ کەمتر لە سێ مانگە. ئەمە بەراورد دەکرێت لەگەڵ یەك کرێکاری ڕۆژانە بۆ هەر چوار کرێکاری بە مووچە لە هەرێمی کوردستاندا (لە سەدا 26 ی کارمەندان/کرێکارانی بە مووچە). بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، لە سەدا 28 ی کرێکارانی بە مووچە ئاماژە بەوە دەکەن کە ماوەی گرێبەستەکەیان "نازانن"، وەك لە وێنەی پاشکۆی 1 دا نیشان دراوە، کە ڕەنگە ئاماژە بەوە بکات کە کارەکانیان ناجێگیرە یان ڕۆژانەیە. ئەگەر ئەمە وابێت، بەو مانایە دێت کە بە گشتی نزیکەی لە سەدا 54 ی کرێکارانی بە مووچە لە هەرێمی کوردستاندا (کۆی لە سەدا 28 و لە سەدا 26) کرێکاری ڕۆژانەن و بەربڵاوبوونی کاری ناڕێك لە هەردوو ناوچەکەدا هاوشێوەیە. ناتوانرێت لە داتای بەردەستەوە جۆری گرێبەستی ئەو کرێکارانە ڕوون بکرێتەوە کە دەڵێن "نازانن" لە ڕاستیدا چ گرێبەستێکیان هەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵدا دەستەوسانن، بەو پێیەی دوو لەسەر سێیان بە شێوەیەکی ڕۆژانە کاریان پێدەدرێت. ئەم دەرەنجامە وەسفیانە هەروەها ئەوە دەردەخەن کە کرێکارانی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵدا زۆر دەستەوسانترن بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی کاری ڕۆژانە (لە سەدا 66 بەراورد بە لە سەدا 26). ئەمەش کاریگەری گرنگی لەسەر سیاسەت هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی قەبارەی هێزی کاری بیناسازی لە بازاڕی کاری عێراقی فیدراڵدا کە نزیکەی چارەکێکی هێزی کاری کەرتی تایبەت پێکدەهێنێت و ئەمەش مانای ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەم هێزی کارە کاری ناجێگیریان هەیە

**وێنەی 5. قەبارەی ڕێژەیی (ڕێژەی ڕەها و سەدی)ی کاری ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی، کەرتی تایبەتدا**





سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

### 3-3 تایبەتمەندیەکانی گروپی توێژینەوەکە لە کەرتی بیناسازیدا

ئـەم بەشـە لـە تایبەتمەندییەکانـی کرێکارانـی بـە مووچـە لـە کەرتـی بیناسـازیدا دەکۆڵێتـەوە لەوانـە ڕەگـەز، تەمـەن، ئاستـی خوێندن، پیشـە، پیشەسـازی، کاتژمێرەکانـی کار و شوێنـی کار. بەشـەکە تیشك دەخاتـە سـەر کرێکارانـی بـە مووچـە بـە گشتـی، بەبێ جیـاوازی لـەنێوان کاری ئاسـایی و نائاسـایی، چونکـە داتـای ڕووپێوی هێزی کار (کـە بـە تیمەکـە دراوە) بۆ کرێکارانـی بـە مووچـەی ئاسـایی و نائاسـایی پێکـەوە کۆکراوەتـەوە

هـاوڕێز لەگـەڵ بەڵگـەکان سـەبارەت بـە بـازاڕی کاری عێراق و زۆر لـە وڵاتانـی ناوچەکـە، پێنـاچێت ژنـان لـە کەرتـی بیناسـازیدا لـە هیـچ جۆرە کارێکدا کار بکـەن. ژنـان تەنیـا لـە سـەدا 0.3 ی کارە بـە کرێیەکانـی کەرتـی بیناسـازی لـە عێراقـی فیدراڵدا کار دەکـەن، بـە بـەراورد بـە تێکڕای لـە سـەدا 2 ی سـەرجەم هێزی کاری کەرتـی تایبـەت. ژنـان بـە هیـچ شێوەیـەك بـەشداری لە کەرتـی بیناسـازی لـە هەرێمـی کوردستـاندا ناکـەن، هەرچـەندە ژنـان زیـاتر لـە هێزی کار لـە هەرێمـی کوردستـاندا کار دەکـەن (4.5 لـە سـەدی کۆی هێزی کاری کەرتـی تایبـەت) وەك لـە عێراقـی فیدراڵدا

**◄ وێنـەی 6. ڕێـژەی ژنـان لـە کەرتـی بیناسـازی و لەنـاو کرێکارانـی بـە مووچـەدا بەرامبـەر ڕێـژەی ژنـان لـە سـەرجەم کارەکانـدا، کەرتـی تایبـەت**




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

زۆربـەی کارمەندانـی کەرتـی بیناسـازی لـە عێراقـی فیدراڵ و هەرێمـی کوردستـاندا – لـە سـەدا 90، وەك لـە خشتەی یەکـەمدا نیشـان دراوە – وەك "کرێکاری پیشەسـازی و پیشـەی پـەیوەندیدار" کار دەکـەن. زۆربـەی کارمەندانـی ئـەو کەرتـە لـە بیناسـازی خانوبـەرە وەك پیشەسـازییەکی لاوەکـی چڕبوونەتـەوە، کـە لـە سـەدا 83 ی کرێکارانـی بـە مووچـە لـە کەرتـی بیناسـازی لـە عێراقـی فیدراڵدا پێکدەهێنن (نزیکـەی 900,528 کـەس) و لـە سـەدا 71 لـە هەرێمـی کوردستـانیش (نزیکـەی 53,505 کـەس). وەك لـە وێنـەی 7 دا نیشـان دراوە


### ◄ خشتەی 1. دابەشبوونی پیشە (ئاستی 1 ژمارەیی) بۆ کۆی گشتی کرێکاران بەرامبەر کارمەندان

| | ئامادەکاری | | پێکهاتە % | |
|---|---|---|---|---|
| پیشە | کۆی گشتی | کرێکاران | کۆی گشتی | کرێکاران |
| پیشەسازی و پیشەوانانی پەیوەندیدار | 1 224 434 | 1 043 365 | 90 | 90 |
| پیشە بنەڕەتییەکان | 88 330 | 86 700 | 6.5 | 7 |
| پیشەکانی تر | 46 786 | 34 752 | 3.5 | 3 |
| کۆی گشتی | 1 359 550 | 1 164 817 | 100 | 100 |

سەرچاوە: ژمێرکاری ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی

تێبینی: داتاکان بە کۆکراوەیی سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ پێشکەش کراون. داتای جیاکراوە بەپێی ناوچە بە تیمی توێژینەوەکە نەدرا.

### ◄ وێنەی 7. دابەشبوونی کارمەندانی بیناسازی بەپێی پیشەسازی لاوەکی، کەرتی تایبەت






سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار ٢٠٢١

نەبوونی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێناسەکردنی کاری نافەرمییە، بەپێی بیست و یەکەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی ئامارناسانی کار (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2023a)، لەناو هەموو کرێکارانی بە بە مووچەدا گشتگیرە (بەبێ گوێدانە ئەوەی کە کاری ئاساییە یان نا). لە عێراقی فیدراڵدا، لە سەدا سەدی کرێکارانی بە بە مووچە ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتیان نییە، لەکاتێکدا لە هەرێمی کوردستاندا ئەو ژمارەیە لە سەدا 98 ـە. مامناوەندی تەمەنی کرێکارانی بە مووچە لە کەرتی بیناسازی (کارمەندان) لە عێراقی فیدراڵ 29 ساڵە و لە هەرێمی کوردستان 33 ساڵە. کرێکارانی بە بە مووچە لە کرێکارانی جۆرەکانی تری کار لە کەرتی بیناسازی گەنجترن، بۆ نمونە، خاوەنکارەکان کە تێکڕای تەمەنیان لە هەردوو ناوچەدا 42 ساڵە. ڕەنگە پرۆفایلی تەمەنی گەنج بۆ کارمەندان لە کەرتی بیناسازیدا ئاماژە بێت بۆ ئەو ڕۆڵەی کە کەرتی بیناسازی وەك بەردەبازێك بۆ هاتنە ژووری کەسە تازەکانی بازاڕی کار دەیگێڕێت، بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی بەرزی بێکاری لە عێراقدا، بەتایبەتی لەنێو گەنجانی تەمەن 15-24 ساڵدا (لە سەدا 35.8). زۆربەی کارەکان لە کەرتی بیناسازی لە عێراقدا لە چوارچێوەی کۆمپانیا زۆر بچووکەکان لە عێراقی فیدراڵ یان کۆمپانیا بچووکەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەڕێوە دەچن (وەك خشتەی 4 ی خوارەوە بە وردی نیشانی دەدات)،

چاوەڕوان دەکرێت بەڵێندەری لاوەکی ناوخۆیی یان خێزانەکان بن کە هەر بەخۆیان ئەم چالاکیانە ئەنجام دەدەن؛ بە شێوەیەکی گشتی کار بە کرێکاری نیمچە لێهاتوو یان ناکارامە دەکەن (یونسکۆ 2019). ئەمەش وا دەکات کاری بیناسازی ببێتە خاڵی چوونە ژوورەوە و دوایین چارەسەر بۆ ئەو کەسانەی کە دەچنە بازاڕی کارەوە لەبەر ئەوەی بۆیان ناچێتە سەر بێکار بن یان کاریان نەبێت و لە خوێندن یان ڕاهێناندا نەبن. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوانن لەم کارەدا بچنە سەر کارێکی شایستەتر بە بەدەستهێنانی کارامەیی و ئەزموونی پەیوەندیدار، ئەگەر بتوانن ڕووماڵی دەستەبەری گونجاوی کۆمەڵایەتی لەم کارانەدا بەدەستبهێنن، یان ئەوەتا لە کۆتاییدا لە کارە کرێ نزمەکاندا گیر دەخۆن کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی نایانگرێتەوە

**◄ وێنەی 8. کارمەندانی نافەرمی (ژمارە و %) لە کەرتی بیناسازی، کەرتی تایبەت**








سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

الجهاز المركزي للإحصاء وآخرون. 2022. https://cosit.gov.iq/documents/AAS2023/2.pdf

بەهەمان شێوەی کەرتی کشتوکاڵ، هەندێك جیاوازی ناوچەیی لە پرۆفایلی خوێندنی کارمەندان لە کەرتی بیناسازیدا هەیە. لە کەرتی بیناسازیدا، کرێکارانی بە بە مووچە لە عێراقی فیدراڵدا بە تێکڕا کەمتر خوێندەوارن لە چاو ئەوانەی لە هەرێمی کوردستاندان. ئەمەش بە پێچەوانەی ڕاپۆرتی کەرتی کشتوکاڵەوەیە، کە گرووپی توێژینەوەکە (کرێکارانی سەربەخۆ و کرێکارانی بەشداربووی خێزان) ئەگەری زیاتریان هەبووە هەندێك خوێندەوارییان (سەرەتایی یان سەرووتر) لە عێراقی فیدراڵدا هەبێت بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان. وێنەی 9 دابەشبوونی ئاستی خوێندن لە ناو کرێکارانی بە بە مووچەی کەرتی تایبەت لە کەرتی بیناسازیدا نیشان دەدات. ئەم ڕاپۆرتە تیشك دەخاتە سەر کرێکارانی بە مووچەی نافەرمی، چونکە ئەوان نوێنەرایەتی زۆرینەی کرێکاران دەکەن (وەك لە شێوەی 8 دا نیشاندراوە). سەبارەت بە کرێکارانی بیناسازی، نزیکەی نیوەی کرێکارانی عێراقی فیدراڵ (47%) نەخوێندەوارن (یان دەتوانن بخوێننەوە و بنووسن)، بە بەراورد بە 45% ی کرێکارانی بە مووچە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆ نیوەکەی تری کرێکاران، هەر هەرێمێك دابەشبوونی جیاوازی ئاستی خوێندنی هەیە. لە هەرێمی کوردستاندا، کرێکارانی بیناسازی زیاترئاستی خوێندنیان لە سەرەتایی بەرزترە، لە سەدا 35 ی کرێکاران خوێندنی ناوەندی یان بەرزتریان هەیە، لە کاتێکدا تەنها لە سەدا 16 ی کرێکاران لە عێراقی فیدراڵدا ئاوایە. لە کاتی شیکردنەوەی ئەم شێوازانەدا، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە کاری ڕۆژانە لەناو کرێکارانی بە مووچە لە عێراقی فیدراڵدا زۆر بەربڵاوترە (لە سەدا 66) بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان (لە سەدا 26)، بۆیە ئەم پرۆفایلە جیاوازانەی خوێندن لە دوو هەرێمەکەدا دەتوانرێت پەیوەندی بە باڵادەستی کاری ڕۆژانە لەو کەرتەدا هەبێت

**◄ وێنەی 9. ئاستی خوێندنی کارمەندان (نافەرمی) لە کەرتی بیناسازیدا**




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاتژمێری کاری ئاسایی لە هەفتەیەکدا، کرێکارانی بە بە مووچە (بە جەختکردنە سەر کرێکاری نافەرمی، بەو پێیەی زۆرینەی ڕەها پێك دەهێنن) لە عێراقی فیدراڵدا لە هەفتەیەکدا نزیکەی 40 کاتژمێر کار دەکەن و لە هەرێمی کوردستاندا هەفتانە نزیکەی 46 کاتژمێر کار دەکەن. کاتژمێری کار لە هەفتەیەکدا لە هەرێمی کوردستاندا بە تێکڕا زیاترە لە عێراقی فیدراڵ، بەبێ ڕەچاوکردنی دۆخی کار لە کەرتی بیناسازیدا. ئەم دەرەنجامەش لەگەڵ کەرتەکانی دیکەی وەك کشتوکاڵدا یەکدەگرێتەوە، کە لە هەرێمی کوردستاندا کرێکارانی سەربەخۆ و ئەندامانی بەشداربووی خێزان (گرووپی توێژینەوە بۆ ئەم کەرتە) کاتژمێری کاری زیاتر کار دەکەن بە بەراورد بە عێراقی فیدراڵ، وەک لە خشتەی ٢ نیشان دراوە

## ◄ خشتەی 2. کاتژمێری کار لە هەفتەیەکدا هی کرێکارانی نافەرمی لە کەرتی بیناسازیدا، بەپێی دۆخی کار، لە کەرتی تایبەتدا

| | هەرێمی کوردستان | | العراق الفدرالي | |
|---|---|---|---|---|
| | کاتی دەوامی هەفتانە | ڕێژەی نافەرمیکردن (%) | کاتی دەوامی هەفتانە | ڕێژەی نافەرمی (%) |
| کارمەندان (نافەرمی) | 40 | 100 | 98 | 94 |
| خاوەنکارەکان (نافەرمی) | 43 | 99 | 100 | 2 |
| خۆبەخش (نافەرمی) | 32 | 98 | 96 | 2 |
| ئەندامانی خێزان کە بەشداری لە کارەکەدا دەکەن (نافەرمی) | 37 | 100 | 100 | 2 |

سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

کرێی مانگانە لە کەرتی بیناسازیدا تاڕادەیەك نزمە، وەك پێشتر نیشاندرا، بەرزترین ڕێژەی کرێکارانی کەم مووچە لە کەرتەکەدا ئەوەی نیشان دا. خشتەی 3 نیشانی دەدات کە لە عێراقی فیدراڵدا، تێکڕای کرێی مانگانەی کارمەندان 374,754 دینارە (بۆ کرێکارانی نافەرمی)، کە تەنها کەمێك زیاترە لە کەمترین کرێی مووچەی 350,000 دینار. لەبەر ئەوەی ئەم مووچەی مانگانەیە تێکڕایە، ئەوە مانای ئەوەیە کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە کرێکاران لەوانەیە مووچەی زۆر کەمتر وەربگرن. توێژینەوەی داهاتوو پێویستە بۆ پشکنینی ڕێژەی سەدی ئەو کرێکارانەی کرێی کەمتر لە کەمترین مووچە وەردەگرن. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، تێکڕای کرێی مانگانە تەنانەت کەمترە لە کەمترین کرێ، کە نزیکەی 309,517 دینارە. بەڵام گرنگە بەدواداچوون بۆ مووچەی کاتژمێرێك بکرێت، چونکە کرێی کاتژمێر لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. کرێی کاتژمێری کاری کارمەندانی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵدا زیاترە و 9,367 دینارە بۆ هەر کاتژمێرێك، بە بەراورد بە 6,740 دینار بۆ هەر کاتژمێرێك بۆ کارمەندانی هەرێمی کوردستان (بڕوانە خشتەی 3). کەمی داهاتی کرێ لەم کەرتەدا ئاڵنگارییەکی گەورەیە لەبەردەم پێشخستنی بەشداریکردنی بەردەوام لە پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، چونکە زۆرجار کرێکار ناچارە پێشینەیی بدات بە پێداویستییە دەستبەجێیەکان نەك بەسوودی داهاتوو

## ◄ خشتەی 3. تێکڕای مووچەی مانگانە و کاتژمێر (بەهای ناوەکی بە دینار) بۆ کارمەندانی بیناسازی

| | | تێکرای مووچەی مانگانە (دیناری عێراقی) | کاتی دەوامی هەفتانە | تێکرای مووچەی کاتژمێرێک (دیناری عێراقی) |
|---|---|---|---|---|
| کۆ | کۆ | 371 911 | 40 | 9 201 |
| | ئەو کەسانەی کە پیشەیەکی سەرەتایی نافەرمییان هەیە | 370 737 | 40 | 9 179 |
| هەرێمی کوردستان | کۆ | 321 915 | 46 | 6 981 |
| | ئەو کەسانەی کە پیشەیەکی سەرەتایی نافەرمییان هەیە | 309 517 | 46 | 6 740 |
| عێراقی فیدراڵی | کۆ | 375 245 | 40 | 9 375 |
| | ئەو کەسانەی کە پیشەیەکی سەرەتایی نافەرمییان هەیە | 374 754 | 40 | 9 367 |

سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

تایبەتمەندییەکانــی کۆمپانیــا لــە ڕووی بەفــەرمیبوون و قەبــارەوە (ژمــارەی کرێکاران) دوو هۆکاری گرنــگن بۆ تێگەیشتن لـە تایبەتمەندییەکانـی کاری کرێکارانـی بـە مووچـە لـە کەرتـی بیناسازیدا. نزیکـەی لـە سـەدا 99 ی کاری بـە بـە مووچـە لـە کەرتـی بیناسـازی لـە عێراقـی فیدراڵدا لـە لایـەن کۆمپانیـا نافەرمیەکانـەوە دابین کراوە، لـەکاتێکدا ئـەو ژمارەیـە لـە هەرێمـی کوردسـتاندا لـە سـەدا 86 ـە. بـە سـەیرکردنی گرووپـی توێژینەوەکـە (کارمـەندان)، وێنـەی 10 نیشـانی دەدات کـە لـە سـەدا 99 (نزیکـەی 1,074,228 کرێکار) ی کارمەندانـی بیناسـازی لـە عێراقـی فیدراڵدا (1,088,299) لـە یەکەکانـی بزنسـی/کۆمپانیای نافـەرمیدا کار دەکـەن. سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتـان، نزیکـەی لـە سـەدا 86 (65،317 کرێکار) ی کارمەندانـی کەرتـی بیناسـازی (75,780) لـە کۆمپانیـا نافەرمیـەکاندا کار دەکـەن

◄ **وێنـەی 10. ڕێـژەی کرێکارانـی کەرتـی بیناسـازی کـە لـە یەکـەی بزنسـی نافەرمیـدا کار دەکـەن، بەپێـی دۆخـی کار، لـە کەرتـی تایبەتـدا**




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

ئـەوەی جێـگای سـەرنجە، زۆربـەی کارە بـە کرێیـەکان لـە کەرتـی تایبەتـی بیناسـازی لـە عێراقـی فیدراڵدا لـە کۆمپانیـا زۆر بچووکـەکان (1 بۆ 4 کرێکار) پێکهـاتووە، بـەڵام لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا لـە کۆمپانیـای بچووك (5 بۆ 9) پێکهـاتووە. هەروەهـا نافەرمیبوونـی کۆمپانیـا بچووکـەکان لـە عێراقـی فیدراڵدا گشتـگیرە، و نافەرمیبوونـی کۆمپانیـا بچووکـەکان لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا نزیکـە لـە گشتـگیر. خشتـەی 4 ئـەوە نیشـان دەدات کـە لـە عێراقـی فیدراڵدا نزیکـەی 931,803 کرێکار کـە دەکاتـە لـە سـەدا 86 ی کۆی کارمەندانـی کەرتـی تایبەتـی بیناسـازی لـە کۆمپانیـا زۆر بچووکـەکاندا کار دەکـەن کـە 1 بۆ 4 کرێکاریـان هەیـە. نزیکـەی هـەموو کرێکارانـی ئـەم کۆمپانیـا زۆر بچووکانـە ڕایانگەیـاندووە کـە کۆمپانیاکەیـان نافەرمییـە، ئەمـەش ئامـاژە بـەوە دەکات کـە کۆمپانیـا زۆر بچووکـەکان بەتـەواوی نافـەرمین. لـە هەرێمـی کوردسـتـاندا قەبـارەی کۆمپانیـاکان بەگشتـی گـەورەترە لەوانـەی عێراقـی فیدراڵ، چونکـە هیـچ کرێکارێکـی بـە بـە مووچـە ڕاینەگایـاندووە کـە لـە کۆمپانیـای زۆر بچووکدا کاردەکات، بـەڵکو لـە سـەدا 85 ی کرێکاران کـە نزیکـەی 64,200 کاری بـە مووچـە پێکدەهێنن، ڕایانگەیـاندووە کـە لـە کۆمپانیـای بچووکدا کار دەکـەن (5 بۆ 9 کرێکار)

هەروەهـا، لـە سـەدا 94 ی کرێکارانـی هەرێمـی کوردسـتـان لـە کۆمپانیـا بچووکـەکاندا ڕایانگەیـاندووە کـە کۆمپانیاکەیـان نافەرمییـە، ئەمـەش ئاماژەیـە بۆ ئـەوەی کـە کۆمپانیـا بچووکـەکانیش بـە تـەواوی نافـەرمین، وەك ئـەوەی کۆمپانیـا زۆر بچووکـەکان (هەروەهـا کۆمپانیـا بچووکـەکان) لـە عێراقـی فیدراڵدا. جیـاوازی نێوان عێراقـی فیدراڵ و حکومـەتـی هەرێمـی کوردسـتـان لـە قەبـارەی ئـەو کۆمپانیایانـەی کـە لـە بواری بیناسـازیدا کار دەکـەن دەتوانرێت بگەڕێتـەوە بۆ سروشتـی کاری بیناسـازی لـە هـەر هـەرێمێکدا. وا دەردەکـەوێ کاری بـەکرێ لـە کەرتـی

بیناسازی لە عێراقی فیدراڵ لە گەشەسەندن دابیت و بە کۆمپانیا زۆر بچووکەکاندا (1 بۆ 4 کرێکار) بڵاو بووبێتەوە کە دەکاتە 25 لە سەدی کۆی گشتی کار(وەك لە شێوەی 4 دا نیشان دراوە). لە هەرێمی کوردستاندا، کاری بەکرێ لە کەرتی بیناسازی ئەوەندە بەربڵاو نییە (تەنها لە سەدا 9 ی کۆی کارە) و زیاتر لە قەوارەی گەورەتری ڕێژەیی (بەتایبەتی کۆمپانیا بچووکەکان) چڕبووەتەوە بە بەراورد بە عێراقی فیدراڵ


**◄ خشتەی 4. دابەشبوونی کار بەپێی قەبارەی کۆمپانیا و ڕێژەی کارکردن لە یەکەی بزنسی نافەرمی بەپێی قەبارە، کرێکارانی بە بە مووچە**

| هەرێم | قەبارەی کۆمپانیا (ژمارەی (کارمەندان) | کۆی ژمارەی کرێکاران لە ژمارەدا | پێکهاتەی کۆمپانیا بەپێی قەبارە (%) | کرێکارانی یەکە نافەرمیەکان (ژمارەکان) | کرێکارانی یەکە نافەرمیەکان (%) |
|---|---|---|---|---|---|
| عێراقی فیدراڵی | 1-4 | 931 803 | 86 | 927 950 | 100 |
| | 5-9 | 146 880 | 13 | 142 279 | 97 |
| | 10-19 | 4 426 | 0 | 2 156 | 49 |
| | 20-49 | 5 926 | 1 | 2 579 | 44 |
| | 50+ | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | کۆی گشتی | 1 089 035 | 100 | 1 074 964 | 99 |
| هەرێمی کوردستان | 1-4 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | 5-9 | 64 200 | 85 | 60 609 | 94 |
| | 10-19 | 4 826 | 6 | 3 028 | 63 |
| | 20-49 | 2 742 | 4 | 684 | 25 |
| | 50+ | 4 012 | 5 | 996 | 25 |
| | کۆی گشتی | 75 780 | 100 | 65 317 | 86 |

سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

شوێنی کارکردنی ئەم کرێکارە بە بە مووچەیە نافەرمیانە لە کەرتی بیناسازیدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زیاتر تێگەیشتن لە هەلومەرجی کارکردنیان. وێنەی 11 نیشانی دەدات کە لە سەدا 83 ی کارمەندانی بیناسازی نافەرمی دەڵێن کە لەماڵی کڕیار یان خاوەنکار کار دەکەن. ئەمە تەواو جیاوازە لە هەرێمی کوردستان، کە تەنها نیوەی (لە سەدا 48)ی کارمەندە نافەرمیەکان لە ناو ماڵدا کار دەکەن (چ هی کڕیار بێت یان خاوەنکار). بەگوێرەی ئەو ڕاستییەی کە کاری بیناسازی لە کۆمپانیا تا ڕادەیەك گەورەترەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان (واتە کۆمپانیا بچووکەکان) چڕبووەتەوە بە بەراورد بە عێراقی فیدراڵ، لە سەدا 19 ی کارمەندان لە شوێنی جێگیر کار دەکەن، واتە لە بزنس، نوسینگە، کارگە، شوێنێك یان خانەیەکی جێگیر، بە بەراورد بە تەنها لە سەدا 7 لە عێراقی فیدراڵ

### ◄ وێنــەی 11. دابەشــبوونی شــوێنی کار لەنــاو کرێکارانــی بــە بــە مووچــەی نافەرمــی لــە کەرتــی بیناســازی، کەرتــی تایبــەت




سەرچاوە: کۆکراوەی خودی نووسەران، لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار 2021

بــە کورتــی، پرۆفایلــی چەندایەتــی گروپــی توێژینەوەکــە (کرێکارانــی کرێــی ڕۆژانــە)، لەســەر بنەمــای ڕووپێوی هێزی کار، دەریخست کــە ئەوانــە نوێنەرایەتــی پشــکێکی گــەورە لــە هێزی کاری بیناســازی لــە عێراقــی فیدراڵ دەکــەن بــە بــەراورد بــە هەرێمــی کوردســتان، بــەوەی کــە کرێکارانــی ڕۆژانــە کــەمێك زیــاتر لــە نیوەی هێزی کاری بیناســازی لــە عێراقــی فیدراڵ پێکدەهێنن، بــە بــەراورد لەگــەڵ یــەك لەســەر پێنــج لــە هەرێمــی کوردســتان. شیکاری تایبەتمــەندی کرێکاران و کار لەســەر بنەمــای تــەواوی نمونــەی کارمــەندان بوو، بەبــێ هــەڵاوێرکردن لــە نێوان کرێکارانــی ڕۆژانــە و ئاســایی، لەبــەر ئــەوەی داتــای پێویست لەبــەردەست نــەبوو. شیکارییەکــە دەریدەخــات کــە قەبــارەی کەرتــی بیناســازی وەك پشکێك لــە کۆی کار لــە عێراقــی فیدراڵ زۆر زیــاترە لــە هەرێمــی کوردســتان. لــە هــەردوو هەرێمەکــە زۆرینــەی ڕەهــای کرێکارانــی بــە بــە مووچــە نافــەرمین و لــە یەکــەی بزنســی نافەرمیــەکاندا کار دەکــەن. بــەڵام نافەرمــی کارگــەکان، وەك لــە ڕێژەی ســەدی کرێکاران کــە ڕایانگەیــاند دا کــە لــە یەکەیەکــی بزنســی نافــەرمیدا کاریــان کردووە، لــە عێراقــی فیدراڵ زیــاترە (لــە ســەدا 99) لــە چــاو هەرێمــی کوردســتان (لــە ســەدا 86)

بــاوترین پیشــە بۆ کرێکارانــی بــە مووچــە لــە کەرتــی بیناســازی لــە هــەردوو هەرێمەکــەدا بریتییــە لــە "کرێکارانــی پیشەســازی و بازرگانــی پــەیوەندیدار"، و ئــەو کرێکارانــە بــە پلــەی یەکــەم لــە دروستکردنــی خانووبــەرەدا کار دەکــەن. کرێکارانــی بــە مووچــە لــە کەرتــی بیناســازی لــە عێراقــی فیدراڵ کــەمتر خوێندەوارن بــە بــەراورد بــە هەرێمــی کوردستــان، بــەڵام لــە هــەردوو هەرێمەکــەدا گــەنجن. کاری بــەکرێ لــە کەرتــی بیناســازی زیــاتر لــە کۆمپانیــا بچووکــەکاندا چڕدەبێتــەوە (1 بۆ 4 کرێکار) و لــە ماڵــی کڕیــار یــان خــاوەنکار لــە عێراقــی فیدراڵ ئەنجــام دەدرێت. ئەمــەش ئــەوە دەگەیــەنێت کــە ئەمانــە زۆربەیــان ئــەو خێزانانــەن کــە چالاکیــی بیناســازی ئەنجــام دەدەن (یونسکۆ 2019). لــە هەرێمــی کوردستــان، کاری بــەکرێ لــە کەرتــی بیناســازی لــە کۆمپانیــا بچووکــەکاندا چڕبووەتــەوە (5 بۆ 9 کرێکار) و کــەمتر لــە ماڵــی کڕیــار یــان خــاوەنکار ئەنجــام دەدرێت – هەرچــەندە ئەمــە هێشتــا زاڵترین شوێنــی کارە، دوای ئەمــە شوێنــی جێــگیر دێت. ئەمــە ئــەوە پیشــان دەدات کــە بەڵێندەرایەتــی لاوەکــی ناوخۆیــی ڕەنگــە جۆری بــاوی کاری بیناســازی بێت لــە هەرێمــی کوردستــان. ئــەم تایبەتمەندیانــە ئامــاژە بــە بەرزبوونــەوەی ئاستــی دەستەوســانی کرێکاران دەکــەن لــە کەرتــی بیناسازی و کــە پلانەکانــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی بۆ ئــەم جۆرە کارانــە زۆر گرنــگن، چونکــە ئــەم کارانــە نــەك هــەر ناجێــگیر و پڕ نزمیوبــەرزین، بــەڵکو مــەترسیداریشن. لــە بەشــی داهــاتوودا، دەرەنجامــە چۆنایەتییــەکان تیشك دەخەنــە ســەر ئــەو بەربەست و کۆسپانــەی کــە کرێکارانــی بــە بــە مووچــەی کەرتــی بیناســازی ڕووبــەڕووی دەبنــەوە لــە دەستگەیشتنیــان بــە ڕووماڵــی دەستەبــەری کۆمەڵایەتــی

# 4

## دەرەنجامە چۆنایەتییەکان

# دەرەنجامە چۆنایەتییەکان

### 4-1 تێبینی لەسەر نمونە وەرگرتن و ڕێبازی توێژینەوە

شیکاری چۆنایەتی پشتی بە گفتوگۆی گروپی سەرنج بەستووە (پێنج لە بەغداد و بەسرە لە عێراقی فیدراڵ؛ دوو لە هەولێر و دهۆك لە هەرێمی کوردستان) و چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی لەگەڵ کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵ (چوار لە بەغداد و بەسرە) و لەگەڵ کرێکارانی ئاسایی (نەك ڕۆژانە) کرێکارانی کەرتی بیناسازی نافەرمی لە هەرێمی کوردستان (پێنج لە هەولێر و دهۆك). هەروەها دیدگای خاوەنکاران لە ڕێگەی 10 چاوپێکەوتنی تاکەکەسی قووڵ لە کەرتی بیناسازیدا ڕووماڵ کرا (پێنج لە بەغداد و بەسرە؛ پێنج لە هەولێر و دهۆك). شیکارییەکە بە 10 چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لەگەڵ نوێنەرانی یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی عێراق تەواوکرا، لیژنەی کار لە پەرلەمان، کاربەدەستی باڵای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و شارەزای یاسایی، و نۆ چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی پەیوەندیداری پەرلەمانی و جێبەجێکاران و بەرپرسانی حکومی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کرێکاران، واتە یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی کوردستان، سەندیکای کرێکارانی بیناسازی و سەندیکای بازرگانی و پیشەسازی هەولێر، سەرباری شارەزایانی ئەکادیمی لە بواری دەستەبەری کۆمەڵایەتی. جگە لەو دوو پۆلەی دواییە، باقی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی تایبەت بە کەرت نەبوون. کاری مەیدانی لە نێوان تشرینی دووەمی 2023 و کانونی دووەمی 2024 ئەنجامدرا. خشتەی پاشکۆی 2 وردەکاری زیاتری لەسەر تایبەتمەندی تاکەکەسی وەڵامدەرەوەکان (ڕەگەز، تەمەن و خوێندن) لە کاری مەیدانی چۆنایەتیدا نیشان دەدات

ئەو داتایانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە کۆکراونەتەوە بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کۆدکاری و شیکاری بابەتیی و بەگوێرەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە شیکراونەتەوە. بەڵام شیکارییەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگ بووەوە. ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی چەندین گەڕی پەیوەندیگرتنی ویست و هەندێك چاوەڕوانی تێکەوت بە تایبەتی لە بەغداد بۆ ڕێکخستنی چاوپێکەوتن لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەت و بەرپرسانی باڵای حکومەت. ئاستەنگێکی تر ئەوەبوو کە زۆربەی پرسیارەکان بێ وەڵام مانەوە بەهۆی کەمی ئەو زانیارییانەی کە زۆرینەی کرێکاران و خاوەنکارانی بەشداربووی ئەم توێژینەوەیە هەیانبوو دەربارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە گشتی و دەربارەی دەستپێشخەری حکومەت بۆ فراوانکردنی خشتەی 2 پاشکۆی 1 کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نائاسایی بە تایبەتی. ئەمەش وایکرد کە لێکجیاکردنەوەی شێوازی تێڕوانینی کرێکاران و خاوەنکاران و بۆچوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان کە لە چاوپێکەوتنەکاندا هاوبەش کرابووون زەحمەت بێت

هەروەها، توێژەران کەمتر گفتوگۆی شیکارییانەی بەرچاوڕوونیان لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەت لە عێراقی فیدراڵدا بەدەستهێنا بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان. گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە وەڵامەکانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لە هەرێمی کوردستاندا سەبارەت بە بایەخی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وا دەردەکەوێت لە ژێر کاریگەری پەسەندکردنی سیاسی بۆ پلانی دەستەبەری سەربەخۆ بێت بۆ هەرێمی کوردستان. هەروەها، سروشتی جیاوازی نمونەکان لە نێوان هەردوو ناوچەکەدا، کە ئەگەری وەڵامدانەوەی جیاوازی لێکەوتەوە، پێویستە لە کاتی لێکدانەوەی زۆرێك لەم ئەنجامانە لەم ڕاپۆرتەدا لەبەرچاو بگیرێت. بۆ نموونە، هەرچەندە جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان بۆچوونی کرێکارانی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵ و ئەوانەی لە هەرێمی کوردستاندا نەبینرا، بەڵام لە لایەن داڕێژەرانی سیاسەتەوە هەروەها لە لایەن جێبەجێکارانەوە لە هەرێمی کوردستاندا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان یاساکان بە خۆجێیی بکات و سیاسەتی خۆی دابڕێژێت، لەوانەش داڕشتنی سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی تایبەت بەخۆی، کە ئێستا لە ئارادایە. هەرچەندە زۆربەی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا داکۆکی لە پلانی دەستەبەری تایبەت بە هەرێم دەکەن، بەڵام بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە متمانەیەکی زۆریان بە توانای حکومەتی فیدراڵی دەربڕی بۆ بەڕێوەبردنی لایەنە داراییەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. یەکێکی تر لە سنووردارییە گرنگەکانی کاری مەیدانی کە تایبەتە بە کاری بیناسازی ئەوەیە کە هیچ بەشداربوویەکی ژن نەبووە، لەبەر نەبوونی ژنان لە کەرتەکەدا، وەك لە شیکاری وەسفکەری ڕووپێوی هێزی کاردا نیشان دراوە

ئەم بەشەی خوارەوە بەربەستە سەرەکییەکانی ناو تۆمارکردن بۆ ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی

نمونەی کرێکارانی هەرێمی کوردستان کرێکاری بە کرێی ئاسایی بوون لە کاری بێ ڕێکخستن/گرێبەستی یاسایی.

کرێکارانی بیناسازییەوە دەکۆڵێتەوە، بە جیا بۆ عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان. پاشان ڕاپۆرتەکە باس لە تێڕوانینە جیاوازەکان دەکات سەبارەت بە بایەخی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ئینجا ڕاسپاردەکان لەسەر بنەمای ئەم ئاستەنگ و تێڕوانینە جیاوازانە دادەڕێژرێت

## 2.4. ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم ناو تۆمارکردن لە ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

ئەو ئاستەنگە سەرەکیانەی کە کرێکاران دەستنیشانیان کرد بریتین لە دەستگەیشتن بە ئاسانکارییەکانی تۆمارکردن، زانیاری سنووردار، بەربەستی بیرۆکراتی، نەبوونی متمانە و نەبوونی شەفافیەت و ناڕێکی داهات. ئەم ئاستەنگانە لە هەردوو ناوچەکەدا عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان جەختیان لەسەر کرایەوە. زۆربەیان ڕایانگەیاند کە ڕووبەڕووی ئاستەنگ دەبنەوە لە بەشداریکردن لە پڕۆسەی تۆمارکردن بە ئۆنلاین

وەڵامی کرێکاران دەریدەخەن کە دەستگەیشتن بە فەرمانگەکانی تۆمارکردن و تێچوونی گەیشتن بەم فەرمانگایانە وەك کات و خەرجی ڕێگا یەکێکە لە گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم بەشداریکردن لە بەرنامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. کرێکاران، هەم لە عێراقی فیدراڵ و هەم لە هەرێمی کوردستاندا، نیگەرانی خۆیان دەربڕی سەبارەت بە لەدەستدانی ڕۆژێکی کارکردن بۆ ناو تۆمارکردن

> قەرەباڵغی هاتوچۆ (لە بەغداد)، تێچووی ڕێگا و کات. بۆ نمونە ئێوارە کاتژمێر شەش دەگەڕێمەوەماڵەوە، کەواتە چۆن دەتوانم بچمە فەرمانگەی حکومەت بۆ تۆمارکردن؟

گفتوگۆی گروپی فۆکەس2-، کرێکاری بیناسازی، بەغداد

> ناکرێت کار بەجێبهێڵم و بچم بۆ فەرمانگەی حکومی، چونکە من لە دوو کاردا کار دەکەم

گفتوگۆی گروپی فۆکەس2-، کرێکاری بیناسازی بەغداد

> نامەوێت بۆ پێدانی بەشداریکردن لە بەیانی تا ئێوارێ بێم و بچم

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی4-، کرێکاری بیناسازی، نێر، هەولێر

گفتوگۆکانی فۆکۆس گروپ و چاوپێکەوتنە کەسییەکان لە 1 بۆ 10 لە سەرانسەری هەر سێ کەرتەکەدا (بیناسازی، بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ) لە کاتی کاری مەیدانیدا ژمارەیان بۆ دانرا

وەك چۆن خواستی دەستگەیشتنی ئاسان بە دامەزراوەکانی تۆمارکردن گرنگە، ئەوەش گرنگە کە کرێکارانی هەردوو ناوچەکە جەختیان لە پێویستی خۆیان بە زانیاری ڕوون سەبارەت بە پلانەکە کردەوە. کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی کە بەشێوەی ڕۆژانە کرێ وەردەگرن، ڕایانگەیاند کە زانیاری سنووردار سەبارەت بە پرۆسەی تۆمارکردن ئاڵنگارییەکی گەورەیە. گوتیان کە ئاشنا نین بە ڕێکارەکانی تۆمارکردنی یەکەمجار، ئاماژەیان بەوەش کرد کە زانیاری کەمیان لەسەر پارەدانی بەشداریکردنی ئاسایی و مافەکانی خۆیان هەیە، وەك لەم ووتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت

دەبێت بۆمان ڕوون بکەنەوە کە چۆن ناومان تۆمار بکەین، چەند و لە کوێ و بە کێ پارە بدەین، و چۆن دەتوانین داوای سوودی دەستەبەری بکەین و وەریبگرین

(گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی، بەغداد

هەبوونی زانیاری ڕوون زۆر گرنگە بۆ زاڵبوون بەسەر بێ متمانەیی بە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و زانینی سوودەکانی، وەك کرێکارانی هەرێمی کوردستان باسیان کرد. کرێکاران هەروەها جەختیان لەسەر پێویستی (و بایەخی) نیشاندانی چیرۆکی سەرکەوتنی ئەو کەسانە کردەوە کە سوودمەندبوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بۆ دڵنیاکردنەوەی کەسانی تر و هاندانی بەشداریکردن

گەندەڵی و بەربەستی بیرۆکراتی و نەبوونی شەفافیەت لە پرۆسەی دارایی و بەڕێوەبردنی سوودەکان لەو ئاستەنگانە بوون کە وەڵامدەرەوەکان لە هەردوو ناوچەکە زۆر جار هەستی پێدەکەن. ئەم ئاستەنگیانە پرۆسەی تۆمارکردن ئاڵۆزتر دەکەن و ڕێگری لە بەشداری ئارەزوومەندانەی کرێکاران دەکەن. هەروەها خاوەنکارەکان لە تۆمارکردنی کرێکارەکانیان سارد دەکەنەوە. زۆرێك لە کرێکارانی نافەرمی) جا ڕۆژانە بن وەك لە عێراقی فیدراڵ یان ئاسایی بن وەك حاڵەتی هەرێمی کوردستان( سەخڵەتن بەدەست ڕۆتین لە کاتی تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی و هەست بە ناشەفافیەتێکی گەورە دەکەن لە پرۆسەی داراییدا

هەموو کرێکارەکان ڕووبەڕووی مەترسی دەبنەوە، بۆیە دەبێت هەموویان بە یەکسانی دەستیان بە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بگات. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە زۆربەی خەڵك هۆشیارییان دەربارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سوودەکانی نییە. دەمەوێت بەتەواوی لە بایەخەکەی تێبگەم و کە دەبینی کەسانی تر سوودمەند بوون ئەوا ئەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕازیکردنی من و خەڵکی تر بۆ ئەوەی بەشداری بکەین

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2-، کرێکاری بیناسازی، نێر 32 ساڵ، خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەولێر).

هەوڵمدا ناوی خۆم لە ئەلسویرە تۆمار بکەم (قەزایەکە دەکەوێتە 55 کیلۆمەتر لە باشووری شاری بەغداد، و بەشێکە لە پارێزگای بەغداد)، بەڵام دواتر فەرمانبەرێك ناوی منی لە لیستەکە لابرد، چونکە داوای لێکردم پارەی پێ بدەم بۆ ئەوەی ناوم تۆمار بکا. [پارەم نەدا]، پاشان ناوی منی لابرد

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی3-، کرێکاری بیناسازی، نێر، 21 ساڵ، بێ خوێندن، لەتیفییە، بەغداد

لەوانەیە خاوەنکارەکان لە تۆمارکردنی کرێکارەکانیان دوودڵ بن بەهۆی نیگەرانییان لە باری دارایی یان لەبەر ڕۆتینی فەرمانگەکان

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2-، کرێکاری بیناسازی، نێر، 32 ساڵ، خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەولێر

یەکێك لە بەربەستە بیرۆکراتییەکان کە کرێکاران لە کەرتە جیاوازەکاندا هەستی پێدەکەن شێوازی مامەڵەکردنی فەرمانبەرانی حکومەتە لەگەڵ کرێکاراندا. هەرچەندە ئەمە تایبەت بەم کەرتە نییە، بەڵام نزیکە لە ئەزموونی گشتی کرێکارانی بیناسازی لەگەڵ فەرمانبەرانی حکومەتدا. بەشداربوویەکی گفتوگۆی گروپی فۆکەس لە بەغداد ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند کە لە لایەن کەسانی دیکەی گروپەکەوە پشتگیری کرا

زۆرجار کارمەندانی حکومەت بە چاوی سووکەوە مامەڵە لەگەڵ ئێمە [کرێکاران] دەکەن. ئەم هەڵسوکەوتە تەنها فەرمانبەرانی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ناگرێتەوە؛ بەڵکو زۆرێك لە فەرمانبەرانی گشتی بەم شێوەیە مامەڵە لەگەڵ کرێکاراندا دەکەن و هەندێك جار بە ئەنقەست ڕێکارەکانمان لێ ئاڵۆز دەکەن

گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی، بەغداد

بەشداربووانی توێژینەوەکە لە هەردوو ناوچەکە باسیان لە نەبوونی متمانەیان بە میکانیزمەکانی حکومەت و سندوقەکانی دەستەبەری کرد. گومانی خۆیان دەربڕی لەوەی ئەو بڕە پارەیەی کە بەشدارییان پێکردووە هەرگیز بۆیان بگەڕێندرێتەوە

دەرەنجامەکان دەریدەخەن کە هەم کرێکاران و هەم خاوەنکارەکان تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەك بەشێك لە تۆمارکردنی بزنس وەك کارێکی بیرۆکراتی دەبینن، نەك پرۆسەیەکی بەکەڵك. ئەوان لەو باوەڕەدان کە مەبەستی سەرەکی ئەوەیە کە کۆمپانیاکان بە شێوەیەکی فەرمی کار بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی و متمانەی ئەوان، زۆر گرنگە ئەو سوودە کردارییانە نیشان بدرێن کە دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ بەشداربووانی دابین دەکات. بەشداربوویەکی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەولێر پشتگیری ئەم بۆچوونەی کرێکاران و خاوەنکارانی کرد و تێبینی کرد

کرێکاران و خاوەنکاران پێیان وایە تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرێکاران، کە وەك مەرجێکە بۆ تۆمارکردنی بزنس، تەنها ڕێکارێکی بیرۆکراتییە کە ئامانج لێی بە فەرمیکردنی بزنسە. دەبێت سوودی بەرجەستە ببینن کە پێشکەش بە بەشداربووان دەکرێت

چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی7-، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، نێر، 48 ساڵ، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەولێر

ئەوەی جێگای سەرنجە، لە نێو کرێکاراندا، بێمتمانەیی تەنیا لە بەرامبەر حکومەتدا هەستی پێناکرێت، بەڵکو لە بەرامبەر خاوەنکارانیشدا هەستی پێدەکرێت. بەشداربووانی گفتوگۆی گروپی فۆکەس لە بەغداد دڵنیا نەبوون لەوەی کە ئەو پارەیەی کە خاوەنکارەکان وەك بەشداریی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەوانیان وەرگرتووە چۆن بەکاری دەهێنن. بەڵام کرێکاران هیچ بەڵگەیەکی بەرجەستە یان سەلماندنێکیان نەخستەڕوو کە خاوەنکار بەشدارییەکانیان خراپ بەکارهێنابێت

> بەڵێ، کارەکانی کەرتی تایبەت بەڵێنی ڕووماڵی دەستەبەری دەدەن، بەڵام هەموو ئەمانە درۆیە. پارەکە دەبەن بەبێ ئەوەی ئێمە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار بکەن

گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی، بەغداد

هەروەها ئاستەنگی تایبەت بە کەرتەکان هەیە، وەك سروشتی کاری نائاسایی و چەند جار پارە بدەی. چەند جاری پارەدان بۆ کرێکارانی نائاسایی یان کرێکاری ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا ڕۆژانەیە، کە هەم کێشەیەکی دیزاین و هەم کێشەیەکی جێبەجێکردن سەبارەت بە ناو تۆمارکردن لە ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا دروست دەکات. لە ناو ئەو کرێکارانەی کە بۆ ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، حاڵەت هەبووە هەندێك کەس لە 10 ڕۆژ تەنیا یەك ڕۆژ کاری کردووە (بە پشتبەستن بە گفتوگۆی گروپی فۆکەس 5- لەگەڵ کرێکارانی بیناسازی، بەسرە). ئەمەش توانای ئەو کرێکارانە لە پێدانی ڕێکوپێکی بەشدارییە ئاساییەکانی دەستەبەری ئاڵۆزتر دەکات، بەڵام پرسیاریش دەوروژێنێت سەبارەت بەوەی کە چ ئاستێکی داهات (و چەند جار، واتە بەپێی کرێی کاتژمێر یان مانگانە) دەبێ بەکاربهێنرێت بۆ حیسابکردنی بەشدارییەکانیان. نارێکی لە پێدانی کرێ و ناجێگیری داهات ڕێگرن لەوەی کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی بتوانن بەشدارییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك (مانگانە) بدەن، وەك پێشبینی دەکرێت لە ڕێنماییە جێبەجێکارییەکانی یاسای ژمارە 18 ی عێراقی فیدراڵدا بیکات بە مەرج. لەڕاستیدا ئەگەر وادابنرێت کە پێدانی بەشداریکردن دەبێت مانگانە بێت، ڕەنگە کرێکاران ناچاربن پێشوەختە پلان بۆ پێدانی بەشدارییەکانیان دابنێن و پاشەکەوت بۆ ئەو مانگانە بکەن کە داهاتیان بەشی داپۆشینی لە سەدا 5 ی دیاریکراوی داهات ناکات. بەڵام توانای پاشەکەوتکردن لای کرێکاری هەژار بەزۆری سنووردارە. ئەمەش بە تایبەتی بۆ کرێکارانی ڕۆژانە لە بواری بیناسازیدا لە عێراق ڕاستە، کە زۆرجار ڕۆژانە کرێیان پێدەدرێت. لێرەوە ئەگەری زۆرە ئەم کرێکارە ڕۆژانانە پێدانی بەشداریکردنی مانگانەکەیان لەدەست بدەن و لەوانەیە نەتوانن تا کۆتایی ساڵی دارایی بیدەنەوە، ئەمەش وایان لێدەکات کە بەشە بەشدارییەکانی حکومەت بۆ ئەو مانگانە بدەن کە لە پارەدان دواکەوتووە. بۆیە پێویستە ڕێکارەکانی کۆکردنەوەی بەشدارییەکان ڕێکبخرێن بۆ ئەوەی لەگەڵ چوارچێوە و توانای بەشداریکردنی کرێکارانی ڕۆژانەدا بگونجێت، جا دوو مانگ جارێك بێت، ساڵانە بێت، یان بە چەند جارییەکی گونجاوی دیکە بێت. لە چوارچێوەی تایبەتی کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی لە عێراقدا، پێدەچێت ڕێبازی " بڕۆ و پارە بدە (pay-as-you-go)"بەرەو کۆی گشتی بڕی ساڵانە شایەنی لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە بێت، بە مەرجێك سزای دواکەوتن نەهێلرێت. هەروەها پێویستە هەڵسەنگاندنی توانای پێدانی دەستەبەری (actuarial valuations) بە وردی ئەنجام بدرێت بۆ پاراستنی بەردەوامبوونی پلانەکە

کێشەی توانای دارایی بەشداریکردن، ئاڵنگاری پارەدانی نارێك سەختتر دەکات. زۆرێك لە کرێکارانی کەرتی نافەرمی داهاتێکی کەمیان دەستدەکەوێت، وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەی پێکراوە، ئەمە جگە لەوەی کارێکی نائاساییان هەیە، وایکردووە کە بۆیان زەحمەت بێت بتوانن بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پارەی بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بدەن. هەروەها، وەك پێشتر لە توێژینەوەکەدا باسمان کرد، ناو تۆمارکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دەرکردنیان لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاسایشی داهاتی تاکەکەسی و خێزانەکانیان دەبێت. بەشداربوون لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی ئەوە نیشان دەدات کە ئەو خێزانانەی لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە دەستنیشان کراون لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین – ئەمەش دۆخێکە کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی توانای دارایی دیاری دەکرێت. ناو تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی، تەنانەت لە ژێر کەمترین ڕێژەی داهاتیشدا، لە بنەڕەتدا تێچووی دەستبەجێ بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بە دەگمەن لە لایەن کرێکارانەوە وەك وەبەرهێنانێك بۆ داهاتوو هەستی پێدەکرێت. بۆ نموونە لە ساڵی 2024 دا، کرێکارێکی نافەرمی پێویستی بە نزیکەی 17500 دینار دەبێت لە مانگێکدا بۆ ئەوەی ناوی خۆی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئارەزومەندانە لە ژێر پۆلی یەکەمدا تۆمار بکات، کە لەسەر بنەمای داهاتێکە کە هاوتایە لەگەڵ کەمترین مووچەی 350 هەزار دینار. لەگەڵ کشانەوەی ئۆتۆماتیکی لە یارمەتییەکانی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی، ئەگەری زۆرە ئەمە دۆخی دارایی دەستبەجێی کرێکاران و خێزانەکانیان خراپتر بکات. بۆیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەشداریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ هەموو کرێکارانی نافەرمی لە کەرتی بیناسازیدا گونجاوە، لەوانەی کە داهاتیان لە خوار کەمترین مووچەوەیە و ئەوانەی تووشی هەژاری کرێکاری دەبن، زۆر گرنگە پێداچوونەوە بە یاسای دوورخستنەوە لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی بکرێت لە کاتی ناو تۆمارکردنیان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا. پێداچوونەوە بەم پێوەری بێبەشکردنە

زۆر گرنگە بۆ ئەوەی جیاوازی بکرێت لە نێوان مافەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی و شایستەبوونەکانی خێزان و تاکەکان، کە بەپێی ڕێبازی پاراستنی کۆمەڵایەتی پشتبەستوو بە ماف، نابێت وەك یەکتر ڕەتکەرەوە (ئەمیان یان ئەویان) سەیر بکرێت

ڕۆڵی سەندیکاکانی کرێکاران و کۆمەڵەی کرێکارانی تایبەت بە کەرت لاوازە. زۆربەی ئەو کرێکارانەی بیناسازی کە بەشداریان لەم لێکۆڵینەوەیەدا کردووە پشتڕاستیان کردەوە کە لە سەندیکاکانی کرێکاری یان هەر ڕێکخراوێکی تری کرێکارانی تایبەت بە کەرت، وەك سەندیکاکانی کرێکارانی بیناسازی، یان سەندیکاکانی بازرگانی و پیشەسازی تۆمار نەکراون. هەروەها ئاماژەیان بەوە کرد کە بە چالاکی سەندیکاکان ئاشنا نین. لە نێو هەموو ئەو کرێکارانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، تەنها یەکێکیان (لە گفتوگۆیەکی گروپ فۆکەسدا لە بەغداد) دانی بەوەدا نا کە لە سەندیکایەکی کرێکاریدا ئەندامە، بەڵام بۆی دەرکەوت کە ناتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر لەبەردەم خاوەنکار یان کۆمپانیاکاندا نوێنەرایەتی کرێکاران بکات، ئەمەش وای لێکردووە ئەندامێتی خۆی بوەستێنێت. هەروەها، خاوەنکارەکان ڕایانگەیاند کە ڕێکخراوەکانی خاوەنکاران هەوڵیان نەداوە بۆ ناساندن و پێشخستنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی. کرێکاران بۆچوونیان دەربڕی کە سەندیکاکانی کرێکاریش نەیانتوانیوە ڕۆڵی خۆیان لە هاندانی بەشداریکردندا بگێڕن. کرێکارێکی کەرتی بیناسازی پشتڕاستی کردەوە کە هەرگیز لە شوێنی کارەکەیان تووشی کارمەندی سەندیکای کرێکاران نەبوون

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە، بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، سەندیکای کرێکاران ئاگاداری یاسا نوێیەکەن و ئاگادارن کە هەموو کرێکاران دەگرێتەوە، بەوانەشەوە کە لە کەرتە نافەرمیەکاندان. بەڵام ئەم سەندیکایانە وردەکاری تەواویان لەبەردەستدا نییە سەبارەت بەو میکانیزم و پرۆسە دیاریکراوانەی کە جێبەجێ دەکرێن (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی2-، سەندیکاکانی بازرگانی و پیشەسازی، نێر 61 ساڵ، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەولێر)

## 3.4. أکێشە سەرەکییەکانی جێبەجێکردن

إسەرباری ئەو بەربەستانەی کە هەستیان پێدەکرا لەبەردەم بەشداریکردنی کرێکاران، چەندین پرسیار لەسەر جێبەجێکردنی پلانەکەش هەبوو
بەڕێوەبردنی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی پرسێکی باو بوو کە سەبارەت بە جێبەجێکردنی سیاسەتەکە وروژێنرا. سەرەڕای نەبوونی متمانە، کەرتی تایبەت وەك جێگرەوەیەکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەیر ناکرێت، بە پلەی یەکەم بەهۆی پرسە داراییەکانەوە. هەرچەندە ئەو کرێکار و خاوەنکارانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە متمانەیان بە حکومەت نەبوو، بەڵام کەرتی تایبەتیان وەك جێگرەوەیەکی گونجاو نەدەبینی. ئەم بۆچوونە لە هەر دوو عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا دەنگدانەوەی هەبوو، بەو پێیەی وەڵامدەرەوەکان دەڵێن پێیان وایە وەزارەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێت وەك ئێستا لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتدا بمێنێتەوە، نەك لە لایەن کەرتی تایبەتی قازانجخوازەوە بەڕێوەبچێت. بە تایبەتیتر، لە هەرێمی کوردستاندا هەندێك لە بەشداربووانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی و خاوەنکارەکان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، بۆچوونیان دەربڕی کە حکومەتی هەرێم نابێت لەم کاتەدا ئاسانکاری بۆ تۆمارکردن/بەشداریکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەکۆمەڵ بکات، بەهۆی دۆخی نالەباری دارایی لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم هەڵویستە تیشك دەخاتە سەر تێگەیشتنێکی سنووردار لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا و داڕشتن و

بەڕێوەبردن و لایەنە داراییەکانی. بەهۆی ئەوەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەشداریکردنە، کاتێك بە باشی دابڕێژرێت و بەڕێوەببرێت، دەتوانێت یارمەتیدەر بێت هەتا باشتر سەرچاوە بەردەستەکان دابەش بکاتەوە، خەرجییە گشتیەکان هاوسەنگ بکات، و هاوبەشکردنێکی فراوانتری مەترسییەکان چالاك بکات (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی 2021b). لە ڕاستیدا، باری دارایی سەختی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر پێویستی سیستەمێکی بەهێزتری دەستەبەری کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای بەشداریکردن دەکاتەوە کە بتوانێت هەندێك لە خەرجییەکان کەم بکاتەوە یان باشتریان بکات و سیستەمی پاراستنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا دادپەروەرانەتر بکات

ئەگەری دوودڵی و پابەندنەبوونی خاوەنکارەکان، ئاڵنگارییەکی دیکەیە لەبەردەم فراوانکردنی ڕوومالّ بۆ کرێکارانی بە بە مووچە لە کەرتی بیناسازیدا. ئەم پرسیارە زیاتر پەیوەندی بەو کرێکارە بە بە مووچانەوە هەیە کە ناو تۆمارکردنیان لە سیستەمەکەدا لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە وەك مەرج دانراوە. هەرچەندە پرسی دوودڵی خاوەنکاران پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پلانی نوێی ئارەزوومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی خاوەنکاری خۆی و کرێکارانی ڕۆژانە نییە، پێویستە ئەوە لە بەر چاو بگیرێت کە شیکاری وەسفی لەسەر بنەمای ڕووپێوی هێزی کار نیشانی داوە کە نەبوونی ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ناو هەموو جۆرەکانی کرێکاری بە بە مووچەدا (جا ڕۆژانە بێت یان نا) بەربڵاوە

کەسێك لێرە دەستەبەرکراو بووە و بۆ ماوەی 3 مانگ بەشدارییەکانی دابوو. لەناکاو خاوەنکار بڕیاریدا بیبڕێت. هەوڵیدا هۆکارەکەی بزانێت، بەڵام گوێیان لێ نەگرت، وە نەیدەزانی چی بکات

گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی هەولێر

لەوانەیە خاوەنکارەکان دوودڵ بن لە تۆمارکردنی کرێکارەکانیان بەهۆی نیگەرانی سەبارەت بە بارگرانی دارایی یان پرۆسەی بیرۆکراتی

چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی2-، کرێکاری بیناسازی، نێر 32 ساڵ، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەولێر

گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە پلانی ئارەزوومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کە لە یاسای نوێ لە عێراقی فیدراڵدا هاتۆتە ئاراوە، دەکرێت بەبێ ئەوەی مەبەستی بێت کەلێنێك بۆ نافەرمیبوون دروست بکات. ئەمەش بەهۆی ئاستی بەرزی یارمەتییەکانی دەوڵەتەوەیە کە لە ژێر پلانی ئارەزومەندانەدا پێشکەش دەکرێن (لە سەدا 15 بە بەراورد لەگەڵ لە سەدا 8 لە ژێر پلانی زۆرەملێدا) و نەبوونی مەرجی بەشداریکردنی خاوەنکار. لە ئەنجامدا، ئەمە لەوانەیە هانی خاوەنکارەکان بدات کە کرێکارە ئاساییەکانیان لە پلانی زۆرەملێدا تۆمار نەکەن کاتێك پەیوەندییەکانی کار ناتوانن بسەلمێنرێن یان بەدواداچوونیان بۆ بکرێت. ئەمە لەوانەیە بەتایبەتی بۆ کۆمپانیا زۆر بچووك و بچووك و مامناوەندەکان وابێت کە کرۆکی کەرتی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا پێکدەهێنن. پرۆسەیەکی ئاڵۆزی تۆمارکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی (هەم بۆ بزنسەکان و هەم بۆ کرێکاران)، سنووردار بوونی دەستگەیشتن بە قەرز و دەرفەتەکانی پەرەپێدانی بازرگانی و کەمی پارەی نەختینە لەوانەیە وا بکات کە کۆمپانیا زۆر بچووك و بچووك و ناوەندەکان ئەم کەلێنە یاساییە بقۆزنەوە. لە ئەنجامدا، لەوانەیە تۆماری بازرگانی پشتگوێ بخەن، لە هەمان کاتدا تۆمارکردن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ ئارەزووی کرێکارەکانیان بەجێبهێڵن، بە تایبەتی سەبارەت بە کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان لە ژێر پلانی ئارەزومەندانەدا.

لە عێراقی فیدراڵدا، ئەم پلانە ئارەزومەندانەیە تەنها بەساڵاچووان و کەسانی پاشماوەی کۆچکردو دەستەبەر دەکات، و ڕووماڵی چاودێری تەندروستی، سوودی نەخۆشی، یان پاراستن لە بەرکەوتنی پیشەیی یان کەمئەندامی پەیوەست بە کار دابین ناکات. لە لایەکەوە، ئەمە لەوانەیە وا بکات پلانی ئارەزومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

کەمتر سەرنجکێش بێت بۆ کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا بە بەراورد لەگەڵ پلانی ئاساییدا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا چەندە هێزی سەوداکردنیان هەیە فشار بخەنە سەر خاوەنکارەکانیان بۆ ئەوەی لە ژێر پلانی زۆرەملێدا تۆماریان بکەن بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی. لە لایەکی دیکەوە زۆربەی کرێکارانی کەرتی بیناسازی لە کۆمپانیا زۆر بچووك و بچووکەکاندا کار دەکەن کە ڕەنگە بەهۆی هۆکاری جیاوازەوە (وەك قەرزاری، کەمی پارەی نەختینە) نەتوانن لە پلانی زۆرەملێی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا ناویان تۆمار بکەن. بەم پێیە ئەگەری سوودمەندبوون لە هەندێك پاراستنی تەندروستی و بەرکەوتنی پیشەیی لە چوارچێوەی پلانی ئارەزومەندانەدا سەبارەت بە کرێکارانی کەرتی بیناسازی چارەنوسساز دەبێت لە کاتێکدا کەرتەکەیان بەرزترین مەترسیی بەرکەوتنی پیشەیی هەیە. لە کاتێکدا کە داڕێژەرانی سیاسەت دەبێت ئاگاداری ئەم کەلێنە بێ مەبەستە بن سەبارەت بە نافەرمیبوون و بەردەوام بن لە جێبەجێکردنی ناو تۆمارکردن لە پلانی زۆرەملێی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا لەو کەرتانەی کە دەتوانرێت پەیوەندییەکانی کاری تێدا بسەلمێنرێت – بە تایبەتی لە کەرتی بیناسازیدا – پێویستە ڕەچاوی فراوانکردنی بازنەی دەستەبەری کۆمەڵایەتیش بکرێت لە چوارچێوەی پلانی ئارەزومەندانەدا. ئەم فراوانکردنە ڕێگە بە کرێکاران دەدات، بە تایبەت ئەوانەی لە کەرتە مەترسیدار و پڕ بەرکەوتنەکاندان، لانیکەم لە ڕووماڵی بنەڕەتی دژی مەترسییەکانی تەندروستی پیشەیی سوودمەند بن

زۆرجار دوودڵی خاوەنکاران بۆ ناو تۆمارکردنی کرێکارەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سروشتی هێزی کار کاتییە. خاوەنکاران لە کەرتی بیناسازی نافەرمیدا، وەك ئەوەی لە هەولێردا هەیە، نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە سروشتی کاتی هێزی کار دەربڕی، کە ڕێگریان لێدەکات کارمەندان تۆمار بکەن: "کرێکارەکانم کاتین؛ هەر کە کارێکی باشتریان دۆزیەوە یەکسەر دەڕۆن. کارەکە فێردەبن و بەجێم دەهێڵن ئەمە هانم نادات تۆماریان بکەم" (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی3-، خاوەنکاری بیناسازی، نێر، هەولێر). هەروەها خاوەنکارەکە گوتی: "کارەکەم سەقامگیر نییە، دەبێت دڵنیا بم لە سەقامگیرییەکەی پێش ئەوەی بتوانم پشتگیری سیستەمەکە بکەم" (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی3-، خاوەنکاری بیناسازی، نێر، هەولێر). ئەم لێداوانە هەروەها تیشك دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە ڕەنگە خاوەنکارەکان ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی وەك سوودێك بۆ خۆیان یان خێزانەکانیان هەست پێنەکەن، بەڵکو زیاتر وا هەست دەکەن پارەدانە بۆ "پشتیوانیکردن لە سیستەمەکە"

وا دەردەکەوێت ئاڵنگارییەکانی پابەندبوون بەپێی قەبارەی کۆمپانیاکان جیاواز بن. بزنسە بچووکەکان لەوانەیە کێشەیان لەگەڵ کەمی سەرچاوە و توانای کارگێڕیدا هەبێت، لە کاتێکدا کۆمپانیا گەورەکان لەوانەیە لە بەڕێوەبردنی هێزی کاری گەورەتردا ڕووبەڕووی ئاڵۆزی ببنەوە. ئەم دەرەنجامە پێویستی بە چارەسەری گونجاو هەیە، بەتایبەتی بۆ بزنسە زۆر بچووك و بچووکەکان کە یەك لە دوای یەك باڵیان بەسەر هەلی کار لە کەرتی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا کێشاوە

وەك لە لایەن چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا پشتڕاستکراوەتەوە، چەمکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کەرتی تایبەت لە عێراقدا شتێکی نوێ نییە. بەڵام زانیاری زۆر سنووردار سەبارەت بە ڕووماڵکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کەرتی نافەرمی/کرێکارانی نافەرمی لەبەردەستدا بوو. هەمان شت بۆ کرێکاران و خاوەنکارانی کەرتی تایبەت لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستانیش ڕاستە. چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا ئاشکرایان کرد کە زانیاری سنووردار هەیە سەبارەت بەوەی کە چۆن سیاسەتی نوێی پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە سەرانسەری کەرتە گشتی و تایبەتەکاندا دادەنرێت، لەوانەش لە کەرتە نافەرمی و نائاساییەکاندا. زانیاری تەکنیکی سەبارەت بە جێبەجێکردنی پلانەکە پێویستە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتیەوە ڕوون بکرێتەوە و بە ڕوونی بگەیەنرێتە ئەوانەی کە ئەگەری هەیە بەشداربن
بەبێ ڕەچاوکردنی جۆری کەرتەکە، چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی لە بەغداد بۆچوونەکانیان سەبارەت بە کەمیی سەرچاوە مرۆییەکان ئاشکرا کرد. بەپێی زانیارییەکانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی، هێزی کاری بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە نزیکەی هەزار کارمەند سنووردارە، کە 400 کارمەندیان لە بەغداد جێگیرکراون. سەرەڕای وەرگرتنی 150 فەرمانبەری نوێ، بەڵام وا هەست دەکرێت ئەم ژمارەیە بەشی بەڕێوەبردنی پڕۆژەکانی ئێستا ناکات، چ جای فراوانکردن بۆ بەرنامەیەکی نوێ. ئەندامێکی باڵای بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە بەغداد جەختی لەسەر پێویستی فەرمانبەری زیاتر کردەوە بۆ ڕووماڵی پڕۆژەی زیاتر و بەڕێوەبردنی گەرەنتی ئارەزومەندانە. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی3-، بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، ژن، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، بەغداد). بەڵام دەکرێت بڵێین نیگەرانی ڕاستەقینە کەمی فەرمانبەر نییە، بەڵکو بە گشتی کەمی توانای دامەزراوەییە، پرۆسەی ناڕوون و سیستەمی ناتەواوە بۆ بەگەڕخستنی پلانە

ئارەزومەندانـە نوێیەکـە، و یاسـای نوێـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی بەگشتـی. جێبەجێکردنـی سـەرکەوتووانەی پلانەکـە پەیوەستـە بـە فەرمانبـەری ڕاهێنراوی دروست و پرۆسـەی ڕوون و کارا، کـە بـە سیستەمـی بـاش پشتـگیری بکرێت. بەبێ ئەوانـە، بـە تەنیـا زیادبوونـی ژمـارەی فەرمانبـەران هـاندەر نـابێت بۆ ناوتۆمـارکردن

کەمـی داتـا لــە چاوپێکەوتنـی زانیــاریدەری ســەرەکی وەك ئاڵنگارییەکــی تری جێبــەجێکردن هەستــی پێکرا. چاوپێکەوتنەکانـی زانیــاریدەری ســەرەکی تیشکیــان خستــە ســەر کەلێنێکــی بەرچــاو لــە داتــا ســەبارەت بــە کەرتــی بیناسـازی نافـەرمیدا، وەك لـە چاوپێکەوتنـی زانیـاریدەری سـەرەکی10- (بەڕێوەبەرایەتـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی، نێر، ڕاوێژکاری یاسـایی، بروانامـەی بـەکالۆریۆس، بـەغداد) گوترا کـە: "تاکـە داتـای بـەردەست لـە عێراقـی فیدراڵدا لـە دەزگای نـاوەندی ئامارەوەیـە، بـەڵام بەسـەرچووە، ئەمـەش وایکردووە تێگـەیشتن لـە دیمەنـی ئێستـای بـازاڕی کار زەحمـەت بێت". بۆیـە ڕووپێوی هێزی کار، ڕاپرسـی کۆمپانیـا و مەشـقەکانی کۆکردنـەوەی داتـای نیشتمانـی هـاوشێوە هەنگاوێکـی بنـەڕەتین بـەرەو پڕکردنـەوەی ئـەم بۆشـاییی داتایـە لەسـەر نافـەرمیبوون. ڕووپێوی هێزی کار بایەخێکـی تایبەتـی هەیـە، چونکـە داتـا لەسـەر ئاستـی نیشتمانـی سـەبارەت بـە بـازاڕی کار پێشکـەش دەکات، کـە هـەردوو دۆخـی فەرمـی و نافەرمـی کار لـەخۆدەگرێت. هەروەهـا ڕووپێوی هێزی کار کـە لـە سـاڵی 2021 دا لـە عێراق ئەنجـامدرا دەرفەتێکـی بەنرخـی بۆ هەڵسـەنگاندنی ئـابووری نافەرمـی ڕەخسـاند، بەپێـی دوایین پێناسـەکانی نافەرمـی لـە لایـەن بیست و یەکــەمین کۆنفرانســی نێودەوڵەتــی ئامارناســانی کار لــە ســاڵی 2023 دا (ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتــی 2023a). لـە ئەنجـامدا، پێشنیـار دەکرێت کـە خولێکـی نوێـی ڕووپێوی هێزی کار ئەنجـام بدرێت، لەگـەڵ ڕێبازێکـی جەختکـەرەوە لەسـەر تێگەیشتنێکـی هەمەلایەنـە لـە نافـەرمیبوون لـە عێراقدا

هەروەهـا ڕەنگـە کێشـەکانی گـەیشتن بـە کرێکارانـی ناوچـە دوورەدەستـەکان ببێتـە ڕێـگر لـە کۆکردنـەوەی داتـا و پرۆسـەی ڕازیکردنـی ئـەم کرێکارانـە بۆ نـاو تۆمـارکردن. ئەمـەش بـەهۆی ئاڵنـگاری لۆجستییـەوە ئـاڵۆزتر دەبێت، چونکـە کارمەندانـی بەڕێوەبەرایەتـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی لـە هەوڵـی بێوچـاندان بۆ ئـەوەی بـەم ناوچانـە بگـەن. جێبەجێکردنـی چارەسـەرە دیجیتاڵییـەکان یـان دامەزراندنـی سـەنتەری گەڕۆکـی بەڕێوەبەرایەتـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی دەتوانێت ئـەم ئاڵنگارییانـە کـەم بکاتـەوە بـەوەی پلاتفۆرمـی بـەردەست بۆ کرێکارانـی ناوچـە دووردەستـەکان دابین بکرێت بۆ تۆمـارکردن و پشتگیریـکردن، ئەمـەش ڕووماڵکردنێکـی فراوانتر و گشتـگیرتر بەدەستـەوە دەدات

بەپێـی چاوپێکەوتنـی زانیـاریدەری سـەرەکی لەگـەڵ ئەندامانـی سـەندیکای بازرگانـی و پیشەسـازی، بیرۆکـەی ئـەوەی کـە حکومـەت دەبێت پاڵپشتـی خـاوەنکارەکان بکات، بـە کەمکردنـەوەی بـاج یـان تێچووی گومرگـی، بـە شێوەیەکـی بـەرفراوان پشتـگیری لـێ دەکرێت و وەك ڕێبازێکـی کاریگـەر سـەیر دەکرێت بۆ زیادکردنـی تۆمارکردنیـان لـە سیستەمەکـە و تۆمارکردنـی کرێکارەکانیـان. چاوپێکەوتنەکانـی زانیـاریدەری سـەرەکی ئاشکرایـان کردووە کـە ئـەم وەڵامدەرەوانـە پێیـان وایـە کـە نـابێت هیـچ فشـارێك بخرێتـە سـەر خـاوەنکارەکان لـە کاتـی جێبەجێکردنـی یاسـای نوێـی دەستەبـەری کۆمەڵایەتـی، چونکـە ئەمـە ڕەنگـە ببێتـە هۆی وازهێنانیـان، کـە دەبێتـە هۆی لێکەوتـەی زیانبـەخش بۆ زۆر لایـەن (چاوپێکەوتنـی زانیـاریدەری سـەرەکی2-، سـەندیکاکانی بازرگانـی و پیشەسـازی، نێر، 61 سـاڵ، بروانامـەی بـەکالۆریۆس، هـەولێر). بۆیـە ڕێبازێکـی هاوسـەنگ پێویستـە، کـە پـاداشت هانـی پابـەندبوون دەدات و سزا ڕێـگری لـە پابەندنـەبوون دەکات، بۆ دڵنیـابوون لـەوەی کـە برەو بـە نافـەرمیبوون نـادرێت. سـەرەڕای ئـەوەش، پێویستـە جێبەجێکردنـی یاسـا و پشکنینـی کار بـەهێز بکرێت بۆ دڵنیـابوون لـەوەی یاسـاکە بـە شێوەیەکـی کاریگـەر جێبەجـێ دەکرێت. لـە هەمـان کاتدا، پێویستـە حکومـەت ژینگـەی بزنس بـاشتر بکات و تیشك بخاتـە سـەر سوودەکانـی بەفـەرمیبوون بۆ هاندانـی خـاوەنکاران بۆ ئـەوەی پابـەند ببن

**4.4. تێڕوانینەکان بۆ بایەخی پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی**

سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی کە وەڵامدەرەوەکان تیشکیان خستە سەر، لەوانەش نەبوونی دەستگەیشتن بە تۆمارکردن بە شێوەیەکی گونجاو، کەمی زانیاری سەبارەت بە پلانەکە، و کاریگەرییەکانی گەندەڵی لەسەر ئەگەری ناو تۆمارکردن، هێشتا زۆر لە کرێکاران ئامادەن ناویان لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمار بکەن، دان بە سوودە ئەگەرییەکانی پلانەکە بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دەنێن

دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی بۆ کەرتی بیناسازی زۆر گرنگە، کە زۆر لە کرێکاران لە شوێنی کار/ کارگە دووچاری بەرکەوتن بوون. بە بەراورد لەگەڵ کەرتەکانی تری وەك کشتوکاڵ، کرێکارانی بیناسازی کە بەشداریان لەم توێژینەوەیەدا کردووە، زیاتر پشتیوانیان لە فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کرد و بە پەرۆش بوون بۆ بەشداریکردن، بەهۆی مەترسی زۆری بەرکەوتنیان بە ڕووداوی کار. زۆر لەو کرێکارانە پشتڕاستیان کردەوە کە پێشتر بریندار بوونە و ناچار بوون خۆیان تێچوونەکان لە ئەستۆ بگرن.

> ناو تۆمارکردن زۆر پێویستە، چونکە کاتێك بریندار دەبم بە کەڵکم دێ
>
> گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی بەغداد

لە نەبوونی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، دابینکردنی تێچووی بەرکەوتن لە لایەن خاوەنکارەکانەوە زۆرجار ئارەزوومەندانە دەبێت، و هیچ پابەندبوونێکی یاسایی نییە، ئەمەش کرێکارانی بیناسازی و خێزانەکانیان، سەرباری هەلومەرجی تەندروستی، بەرەوڕووی زیادبوونی دەستەوسانی دارایی دەکاتەوە. لە کاتێکدا یەکێك لە وەڵامدەرەوەکان پشتگیری دارایی لە لایەن خاوەنکارەکەیەوە دەستکەوتبوو، سێ بەشداربوو لە یەك گفتوگۆی گروپی فۆکەسدا گوتیان کە دوای بەرکەوتنیان هیچ پشتگیرییەکیان پێنەدراوە

> "کەرەستەی بیناسازی بەر دەموچاوم کەوت. پێویستیم بە نەشتەرگەری هەبوو، خاوەنکارەکەش وەك هاوکارییەکی ماددی نەك وەك دەستەبەری/قەرەبووکردنەوە تێچووەی بۆ من دابین دەکرد
>
> گفتوگۆی گروپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی، بەغداد

> دوو ساڵ لەمەوبەر لە شوێنی کارەکەم قاچم شکا و خەرجییەکانم بە پارەی خۆم داوە
>
> گفتوگۆی گرووپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی، بەغداد

ئەم ویستە یان ئامادەییە لە لایەن کرێکارانەوە بۆ ناو تۆمارکردن و ناونووسین لە پلانەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا سەرەڕای بێمتمانەییەکی گشتی کە هەست پێدەکرێت، پشتگیریکردن دەکرێت. هەندێك جیاوازی ناوچەیی لە تێڕوانین سەبارەت بە بێمتمانەیی هەیە. کاتێك پرسیاریان لێکرا کە ئایا دەیانەوێ و ئامادەن ناوی خۆیان تۆمار بکەن، زۆربەی کرێکارانی بیناسازی لە عێراقی فیدراڵدا بەم جۆرە وەڵامیان دایەوە: "بەڵێ ناومان تۆمار دەکەین، بەڵام کێ گەرەنتی گەڕانەوەی پارەکەمان دەکات" (گفتوگۆی گرووپی فۆکەس1-، کرێکارانی بیناسازی، بەغداد). لە هەرێمی کوردستاندا، هەموو وەڵامەکان، بەگوێرەی گفتوگۆی گرووپی فۆکەس6- و گفتوگۆی گرووپی فۆکەس2- لەگەڵ کرێکارانی بیناسازی، سەرەڕای بێمتمانەیی ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن نیشان دا. بە وتەی یەکێکیان "دەستەبەری کۆمەڵایەتی باشە، نەك تەنها بۆ ئێمە وەك کرێکار، بەڵکو بۆ خێزانەکەمان" (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی4-، کرێکاری بیناسازی، نێر، هەولێر)

هەرچەندە بێمتمانەییەکی زۆر لە نێوان کرێکاراندا هەیە سەبارەت بە سیستەمی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و هەوڵەکانی حکومەت بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ بۆ کەرتی نافەرمی و سەرەڕای جیاوازییە ناوچەییەکان، داننان بە سروشتی مەترسیداری کاری بیناسازی وەك هۆکارێکی یەکخەر کار دەکات. ئەمەش جەخت لەسەر بایەخی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی دەستەبەری تەندروستی، بەرکەوتنی پیشەیی، نەخۆشی و یارمەتییەکانی کەمئەندامی پەیوەست بە کار دەکاتەوە. کاتێك کە گفتوگۆی گرووپی فۆکەس باسیان لە سەلامەتی پیشەیی و یارمەتییە تەندروستییەکان کرد کە لە لایەن دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە دابین دەکرێن، کرێکاران ئامادەیی خۆیان نیشان دا بۆ بەشداریکردن، بە پێچەوانەی ئەوەی کاتێك گفتوگۆکان لەسەر دەستەبەری کۆمەڵایەتی بە گشتی بوو. ئەو کرێکارانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە ئامادەبوون لە نێوان لە سەدا 2 (بۆ ئەوانەی ڕۆژانە 20 بۆ 25 هەزار دیناریان دەستدەکەوێت) و لە سەدا 10 (بۆ ئەوانەی مانگانە زیاتر لە 750 هەزار دیناریان دەستدەکەوێت) لە داهاتی مانگانەیان بەشداری پێبکەن

لە عێراقی فیدراڵدا، کرێکارانی بەشداربووی گفتوگۆی گرووپی فۆکەس 2- لە بەغداد ئامادەییان نیشاندا بۆ

> تا متمانە زیاتر بێت، ئامادەییم زیاتر دەبێت هەتا لە سەدا 15 ش بدەم
>
> گفتوگۆی گرووپی فۆکەس1-، کرێکاری بیناسازی، هەولێر

> خاوەنکارەکان ئاماژەیان تەنها بە % 5 و کەمتر کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەنکارەکان دەیانەوێت بە پارەی کەمتر بەشداری بکەن
>
> )چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی -1 خاوەنکاری بیناسازی، نێر 55 ساڵ، هەولێر

> خاوەنکارەکان ئاماژەیان تەنها بە 5% و کەمتر کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە خاوەنکارەکان دەیانەوێت بە پارەی کەمتر بەشداری بکەن
>
> (چاوپێکەوتنی قووڵی تاکەکەسی1- خاوەنکاری بیناسازی، نێر 55 ساڵ، هەولێر

بەشداریکردن تا لە سەدا 10 ی داهاتی مانگانەیان، کە لە مەرجی یاسای نوێ بۆ پلانی ئارەزومەندانە زیاترە (لە سەدا 5 ی داهاتی مانگانە بۆ مووچەی خانەنشینی کۆڵەکەی بەساڵاچوون). لە گفتوگۆیەکی تری گرووپی فۆکەس 4- دا لەگەڵ کرێکارانی بیناسازی لە بەغداد، بەشداربووان ئامادەیی خۆیان بۆ بەشداریکردن بە لە سەدا 5 بۆ 10 ی داهاتی مانگانەیان دووپاتکردەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە، لە هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی ئەو کرێکارانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە، ئاماژەیان بە ئامادەیی خۆیان کردووە بۆ بەشداریکردن لە 10% یان زیاتری داهاتی مانگانەیان، ئەمەش دەریدەخات کە بە گشتی ئامادەن ڕێژەیەکی زیاتر بدەن بە بەراورد لەگەڵ هاوتاکانیان لە عێراقی فیدراڵدا. جگە لەو سوودانەی چاودێری تەندروستی کە بووە هۆی ئەوەی ئارەزووی بەشداریکردن بکەن، متمانە هۆکارێکی دیکەی گرنگ بوو

بەم شێوەیە، وەك لە سەرەوە باسكرا و لە توێژینەوەی چۆنایەتیدا پشتڕاستكراوەتەوە، لە كاتی داڕشتنی ستراتیژی فراوانكردنی ڕووماڵی دەستەبەری كۆمەڵایەتی بۆ كرێكارانی ڕۆژانە لە كەرتی بیناسازیدا، گرنگە بیر لە زیادكردنی پاراستن لە مەترسییە تەندروستییەكان بكرێتەوە بۆ پلانی ئارەزوومەندانەی دەستەبەری كۆمەڵایەتی. ئەمەش ڕەنگە ببێتە هۆی هاندانی هەندێك پۆلی كرێكارانی نافەرمی، بەتایبەتی لە كەرتی بیناسازیدا. بەڵام گرنگە دڵنیابین لەوەی كە بەشداریكردن لە چوارچێوەی توانای دارایی بمێنێتەوە و ڕێژەی بەشداریكردن بۆ كرێكاران لە خوار كۆڵەكەی دەستەبەری كۆمەڵایەتی زۆرەملێدا دادپەروەرانە بێت. یەكێك لە ڕێگا ئەگەرییەكان بۆ دابینكردنی پارەی بەشداریكردنی كرێكاری نافەرمی لە دەستەبەری تەندروستی كۆمەڵایەتیدا، سوودەكانی نەخۆشی و بەركەوتنی پیشەیی، ئەوەیە كە بەشدارییەكانی حكومەت لە نێوان خانەنشینی بەساڵاچوون و سوودەكانی تەندروستی و سەلامەتییەكاندا دابەش بكرێت كە پشكێكی گەورەتر بۆ خانەنشینی بەساڵاچوون بچێت

# 5

## بژاردەی سیاسەت بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ بۆ کرێکارانی بیناسازی

# بژاردەی سیاسەت بۆ فراوانکردنی ڕووماڵ بۆ کرێکارانی بیناسازی

### 1.5. پێشنیاری تایبەت بە کەرت

لە کاتی دارشتنی ستراتیژییەکان بۆ فراوانکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارانی نافەرمی لە کەرتی بیناسازیدا، زۆر گرنگە کە ئاڵۆزییە سروشتییەکانی کەرتەکە لەبەرچاو بگیرێت. داڕێژەرانی سیاسەت دەبێت ئاگاداری پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان بەڵێندەران و ئاستە جیاوازەکانی بەڵێندەرانی لاوەکی، پەیوەندییە زۆرجار پەردەپۆشکراوەکانی کار لە نێوان کۆمپانیاکان و کرێکارەکانیان، و ناسەقامگیری گشتی سەبارەت بە پەیوەندییەکانی دامەزراندن و کارکردن لە کەرتی بیناسازیدا بن. تا تێگەیشتن لە کەرتەکە وردتر بێت، ستراتیژییەکانی فراوانکردن زیاتر گونجاوتر و کاریگەرتر دەبن

بە لەبەرچاوگرتنی ناجێگیری داهات، زۆر گرنگە ئاستی قازانج بۆ بەشداریکردن دیاری بکرێت و ڕێژەی پارەدانی گونجاو دیاری بکرێت. بۆ دڵنیابوون لە بەشداری بەردەوامی کرێکارانی بیناسازی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا، لەوانە پلانی ئارەزومەندانە، دەبێت ڕێژەی بەشداری یاسایی گونجاو بێت. سەرەڕای ئەوەش، ڕێژەی پارەدان و شێوازەکانیان دەبێت لەگەڵ سروشتی داهاتدا بگونجێت بۆ ئەوەی کرێکاران لە هەژاری کارکردندا گیر نەخۆن

گرنگە پاراستنی داهات بۆ کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازیدا لە ماوەی بێکاری یان ناچالاکیدا مسۆگەر بکرێت. لەم ڕووەوە، زۆر گرنگە دەست بە گفتوگۆی سیاسەت لەسەر ئەوە بکرێت کە کرێکارانی هەژار لە سیستەمی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتووانە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی بگوازرێنەوە، بە تایبەتی تیشك بخرێتە سەر کرێکارانی کەرتی بیناسازی

پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە وردە وردە لقەکانی پلانی ئارەزومەندانە لە عێراقی فیدراڵدا فراوان بکرێت بۆ ئەوەی سوودی بەرکەوتنی پیشەیی، دەرماڵەی کەمئەندامی پەیوەست بە کار و دەستەبەری تەندروستی لەسەر بنەمای بەشداری لەخۆبگرێت. سوودی بەرکەوتنی پیشەیی و سوودی چاودێری تەندروستی لە پەیوەندیدارترین کۆڵەکەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتین بۆ کرێکارانی کەرتی بیناسازی، بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی مەترسیداری کارەکەیان و مەترسییە زۆرەکانی برینداربوونی پیشەیی. بەڵام گرنگە دڵنیابین لەوەی کە هێنانەکایەی پێشکەوتووانەی ئەم سوودانە ڕێژەی پارەی بەشداریکردنی کرێکاران زیاد نەکات یان کاریگەری لەسەر توانای بەشداریکردنیان نەبێت. بۆیە پێویستە بژاردەی پارەدارکردنی جێگرەوە بدۆزرێتەوە، لەوانەش ئەگەری ئاڕاستەکردنەوەی بەشێك لە بەشدارییەکانی حکومەت بۆ کۆڵەکەکانی پاراستنی تەندروستی

بۆ کرێکارانی بیناسازی کە بەشداریکردنیان دەبێت لە لایەن خاوەنکارەکانیانەوە دەستی پێبکرێت، وەك کرێکارانی بە بە مووچەی ئاسایی، زۆر گرنگە کە لەڕێگەی چاودێریکردنی کاریگەرانەی حکومەت و ڕێکارە ڕێکخراوەکانی تۆمارکردنەوە، خاوەنکاران هان بدرێن کە پابەند ببن. پەیڕەوکردنی سیستەمی ئەلکترۆنی بۆ پارەدان و تۆمارکردن دەتوانێت کات پاشەکەوت بکات و پێویستی سەردانی جەستەیی بۆ فەرمانگەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە، بەمەش سکاڵای باو سەبارەت بە کۆسپی ڕۆتین چارەسەر بکرێت کە خاوەنکاران گلەیی دەکەن کە ڕۆتین بەربەستێکی سەرەکییە کە ناتوانن کرێکارەکانیان بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار بکەن

لەو دۆخانەی کە پەیوەندییەکانی کار ئاشکران و دەتوانرێت بسەلمێنرێن، زۆر گرنگە ڕێکاری پێویست دابڕێژرێت برەودان بە ئاساییکردنی کرێکارانی کرێی ڕۆژانە، ئاسانکاریکردن بۆ گواستنەوەیان لە ڕۆژانەوە بۆ پێگەیەکی هەمیشەییتری کرێکاری، و گواستنەوەیان لە پلانی ئارەزومەندانەوە بۆ پلانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆرەملێ. بۆ بەدیهێنانی ئەمە، دەتوانرێت کۆمەڵێك هاندەر، وەك کەمکردنەوەی باج، قەرزی کەم سوود یان یارمەتی پێشکەش بەو خاوەنکارانە بکرێت لە کەرتی بیناسازیدا کە پەیوەندییەکانی کار بە فەرمی دەکەن و کرێکارەکانیان لە ژێر پلانی زۆرەملێی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا تۆمار دەکەن. بە پێچەوانەوەش، دەشێت سیستەمی سزا جێبەجێ بکرێت بۆ چارەسەرکردنی شاردنەوەی پەیوەندییەکانی کار و ساردکردنەوەیان لەوەی کرێکارانی ڕۆژانە لە کەرتی بیناسازی ناچاری ناو پلانێکی ئارەزومەندانەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بکەن. سەندیکاکانی کرێکاران و پشکنەرانی کار دەبێ چالاکانە بەشدار بن لە پشتگیریکردنی ئەم گواستنەوەی هێزی کارە. ئەم ڕاسپاردەیە بە تایبەتی بۆ عێراقی فیدراڵ پەیوەندیدارە، کە یاسای نوێی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە ئێستاوە کەوتۆتە کار. هەروەها ڕەنگە ڕاسپاردەکە بۆ هەرێمی کوردستانیش جێبەجێ ببێت، بە مەرجێك ڕەشنووسە یاسای نوێی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەت لە داهاتوویەکی نزیکدا پەسەند بکرێت

دامەزراندنی دەستەیەکی تۆمارکردن بە تایبەتی بۆ کرێکارانی بیناسازی یارمەتیدەر دەبێت بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی شێوازی کاریگەر بۆ بەشداریکردن و تۆمارکردنی کرێکاران لە کەرتی بیناسازیدا. بە ئاسانکردنی پرۆسەی تۆمارکردن و گونجاندنی لەگەڵ پێداویستییە تایبەتەکانی کرێکارانی بیناسازی و ڕوونکردنەوەی هەریەك لە هەنگاوەکانی، دەستەی کارگێڕی دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە تۆمارکردن گونجاوە و دەستگەیشتن پێی ئاسانە. سەرباری ئەوەش، پێویستە دەستەی تۆمارکردن ڕێنمایی و پشتگیری ڕوون پێشکەش بکات تا یارمەتی خاوەنکار و کرێکاران بدات لەوەی تۆمارکردنی بزنس و دەستەبەری کۆمەڵایەتی تەواو بکەن. هەروەها پێویستە دەستەی تۆمارکردن سەرپەرشتی پرۆسەی تۆمارکردن بکات و نوێی بکاتەوە بۆ چارەسەرکردنی هەر ئاڵنگارییەك یان تەنگوچەڵەمەیەك لە ڕووی ڕێکارەوە کە لەوانەیە سەرهەڵبدات. بەگشتی، دەستەی تۆمارکردن چارەنوسساز دەبێت لە بەهێزکردنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کرێکارانی بیناسازی و دڵنیابوون لەوەی کە بە وردی بەڵگەنامەدار کراون و دەتوانن دەستیان بە سەرچاوە و پشتگیری پێویست بگات

بەرنامەکانی هاوکاری حکومەت بۆ بزنسە زۆر بچووك و بچووکەکان لە کەرتی بیناسازیدا دەتوانن یارمەتیدەر بن لەوەی بەربەستە دارایی و نەختینەییەکان کەم بکەنەوە، ئەمەش وادەکات پابەندبوون بە سیاسەتەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ئاسانتر بێت. چارەسەرە تایبەتمەندەکان دەشێت بریتی بن لە یارمەتی دارایی (وەك کەمکردنەوەی تێچووی خزمەتگوزاری یان کرێ)، وەستاندنی پشکنین، کەمکردنەوە یان دواخستنی باج، و جۆرەکانی تری یارمەتی دارایی، لەوانەش دەستگەیشتنی ئاسانتر بە متمانەی بانکی و قەرز و زەوی. هاوکات لەگەڵ سادەکردنەوەی گشتی پرۆسەی کارگێڕی ڕێنماییکردن بۆ بزنسە زۆر بچووك و بچووکەکان، ئەم ڕێکارانە دەتوانن پشتگیری لە سەقامگیری دارایی بکەن، بەمەش هانی بەشداریکردن لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا بدەن لەڕێگەی کەمکردنەوەی تێچوونی پەیوەست بە دابینکردنی ڕووماڵ

## 2.5. پێشنیاری گشتی تر بۆ فراوانکردنی ڕووماڵی دەستەبەری کۆمەڵایەتی

ئەمانەی خوارەوە ئەو پێشنیارانەن کە پەیوەندی بە هەموو کەرتەکانەوە هەیە:
یەکەم، پێویست بە بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی و مرۆیی هەیە لە سیستەمەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا. بەهێزکردنی توانای دامەزراوەیی بریتییە لە باشترکردنی پێکهاتەی ڕێکخراوەیی و پرۆسە و سەرچاوەکان بۆ کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کاریگەری بەرنامەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی. ئەمەش وەبەرهێنان لە ژێرخانی ئابووری و بەرزکردنەوەی تەکنەلۆژیا و دڵنیابوون لەوە دەگرێتەوە کە دامەزراوەکان ئامراز و سیستەمی پێویستیان هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا کاربکەن. بەرزکردنەوەی ئاستی توانا مرۆییەکان بنیاتنانی کارامەیی و لێهاتووییەکانی ئەو کارمەندانە لەخۆ دەگرێت کە لە چوارچێوەی سیستەمەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا کار دەکەن. ئەمەش دەتوانرێت بە دانانی تیۆری گۆڕانی دامەزراوەیی و داڕشتنی بەرنامەی ڕاهێنان و پەرەپێدانی کارمەندان و پێشکەشکردنی دەرفەتی پەرەپێدانی پیشەیی تر بەدەستبهێنرێت

چارەسەرکردنی پرسیارەکان سەبارەت بە دادپەروەری و یەکسانی سیستەمەکە زۆر گرنگە. پرسەکان بریتین لەوەی ئایا بەشداربووانی درێژخایەن و کورتخایەن یارمەتی ڕێژەیی وەردەگرن یان نا. ڕارایی گشتی سەبارەت

بەم پرسیارانە پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سیستەمێکی دەستەبەری کۆمەڵایەتی دادپەروەرانە و کاریگەر هەیە و هەموو بەشداربووان متمانەیان پێی هەیە و بەهادارە لایان

بەهێزکردنی کاریگەری پرۆسەی پشکنین و باشترکردنی ڕێکار و تواناکانی پشکنین. بەشداربووانی چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی بۆچوونی خۆیان دەربڕی کە حکومەت پێویستە بیر لە دابەشکردنی پشکنەران بکاتەوە بەپێی بوارە دیاریکراوەکانیان: (1) پشکنەرانی تەندروستی و سەلامەتی؛ (2) پشکنەرانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی؛ و (3) پشکنەرانی کار. ئەم سێ جۆرە پشکنینە پێویستە بە جیا لە یەکتر ئەنجام بدرێن. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، پسپۆڕی سەندیکا بە ئەزموونی 25 ساڵ، نێر، دهۆك) و (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی11-، بەشی خانەنشینی، وەزارەتی دارایی - حکومەتی هەرێم، نێر 56 ساڵ، بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەولێر). بەڵام ئەم ڕێبازە پێویستە پێش ئەوەی بکرێتە کردەوەیەکی سیاسەت تاقیکاری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لە دەرئەنجامە نەخوازراوەکانی وەك،بارگرانی پشکنین، بە تایبەت بۆ کۆمپانیا زۆر بچووك و بچووك و مامناوەندەکان بەدوور بێت. بۆیە پێویستە لە ئێستادا جەخت لەسەر بەهێزکردنی ڕێکار و سیستەمەکانی پشکنین بێت. هەروەها پێشنیاری بەردەوامبوون دەکرێت لە پەرەپێدانی توانای تیمەکانی پشکنین لە ڕێگەی ڕاهێنانی بەردەوام و دەستپێشخەرییەکانی هاوبەشکردنی زانیاری

زیادکردنی شەفافیەت و دابینکردنی زانیاری ڕوون سەبارەت بە سوودەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی زۆر گرنگن و دەتوانرێت هۆکاربن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداریکردن. سەرەڕای ئەوەش، نیشاندانی لێپرسینەوەیەکی ڕوون لە چۆنیەتی بەکارهێنانی سندوقی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و سوودە دابینکراوەکان دەتوانێت متمانە دروست بکات و هانی بەشداریکردنی زیاتر بدات. زانیاری ناتەواو لە لایەن کرێکاران و خاوەنکاران سەبارەت بە هەبوونی بەرنامەکە و تایبەتمەندی و سوودەکانی زیاتر دەبێتە هۆی بێ متمانەیی گشتی بە دەستپێشخەرییەکە. بۆ چارەسەرکردنی ئەم بێمتمانەییە، پێویستە حکومەت ستراتیژی پەیوەندیکردن و شەفافیەتی خۆی باشتر بکات، دڵنیایی بدات لەوەی کە هاوڵاتیان بە باشی ئاگاداری بەرنامەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و پرۆسە پەیوەندیدارەکان بن، لەوانەش بەڕێوەبردنی سندوق. ستراتیژەکانی بڕەودان، لەنێویشیاندا هەڵمەتی زانیاری و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و بەشداریکردنی سەرکردەکانی کۆمەڵگا، پێشنیار دەکرێن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زیادکردنی بەشداربوون لە دەستەبەری کۆمەڵایەتیدا

باشترکردنی شەفافیەت لە تۆمارکردندا، کۆکردنەوەی پارەی بەشداریکردن، بەڕێوەبردنی بەشداربوون، حیسابکردنی سوودەکان و سەرفکردنەکان زۆر گرنگە بۆ دڵنیابوون لە متمانە و لێپرسینەوە. ڕێکخستنەوەی ئەم پرۆسە ئیداریانە، لەپاشان بەئۆتۆماتیکیکردن و دیجیتاڵکردن، ڕێڕەوێکی گونجاوی بەرەوپێشچوونە. کێشەی سەرەکی لە تۆمارکردن و بەشداربوون نەبوونی دیجیتاڵکردنە، کە ڕێگری لە کارایی پرۆسەکە دەکات بۆ هەردوو خاوەنکار و کرێکارانی خاوەنکاری خۆیان/کرێکارانی نافەرمی. دیجیتاڵکردن دەتوانێت ڕێگایەکی ڕوونتر پێشکەش بە تاکەکان بکات بۆ گەڕان و دڵنیابوون لەوەی کە بەشداریکردنیان لە پلانی زۆرەملێ یان ئارەزومەندانەدا بە وردی تۆمارکراوە و چاودێری دەکرێت. هەروەها ئاستی شەفافیەت بەرز دەکاتەوە، چونکە هەندێك تەکنەلۆژیای دیاریکراو ڕێگە بە بەدواداچوون بۆ مێژووی کارەکان دەدەن. پەیڕەوکردنی بەئۆتۆماتیکیکردن و دیجیتاڵکردنی پرۆسەکانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەکانی ئێستا، ئاسانکاری بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری دەکات لە نێوان دامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەت و کارایی گشتی کارەکان باشتر دەکات

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا دان بە پێویستی دیجیتاڵکردندا دەنێن، بەڵام دان بەوەشدا دەنێن کە بە تەنیا ناتوانن ئەمە بەدەست بهێنن. چاوپێکەوتنەکانی زانیاریدەری سەرەکی تیشکیان خستە سەر بایەخی هاوکاری نێوان دەزگاکان، لەگەڵ پێشنیاری ئەوەی کە، بۆ نموونە وەزارەتی نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە (لە عێراقی فیدراڵ و لە هەرێمی کوردستاندا) یارمەتیدەر بێت لە تۆمارکردنی کرێکارانی بیناسازی. ئەم هاوکارییە بۆی هەیە پرۆسەی تۆمارکردن ڕێکبخات و ڕێبازێکی گشتگیر پێشکەش بکات، کە کەرتە لاوەکییە جیاوازەکانی هێزی کار بگرێتەوە. (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی3-، بەڕێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، مێ، بەغداد)، (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی1-، پسپۆڕی سەندیکا بە ئەزموونی 25 ساڵ، نێر، دهۆك) و (چاوپێکەوتنی زانیاریدەری سەرەکی2-، سەندیکاکانی بازرگانی و پیشەسازی، هەولێر)

هەموارکردنەوەی یاساکان بۆ ئەوەی کرێکاران بتوانن ناوی خۆیان بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی تۆمار بکەن بەبێ ئەوەی مافی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتییان لەدەست بدەن. ئاشکرایە کە جیاوازیکردن لە نێوان ماف

و شایستەکانی پاراستنی کۆمەڵایەتی تاك و خێزان، و بەخشینی ماوەیەکی گونجاو بۆ گواستنەوەی کرێکاران لە یارمەتی کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەستەبەری کۆمەڵایەتی، دڵنیایی دەدات لەوەی کە هەموو کرێکاران، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاستی داهاتیان، دەستیان بە یارمەتی پاراستنی کۆمەڵایەتی بنەڕەتی بگات، بەم شێوەیەش سیستمێکی پاراستنی کۆمەڵایەتی گشتگیرتر و دادپەروەرانەتر لەسەر بنەمای ماف بهێنرێتە دی

# 6

## سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

**Buniya, M. K., Othman, I., Sunindijo, R. Y., Kineber, A. F., Mussi, E. and Ahmad, H. 2021. "Barriers to Safety Program Implementation in the Construction Industry." Ain Shams Engineering Journal 12(1), 65–72.**

CSO (Central Statistical Organization), KRSO (Kurdistan Region Statistics Office) and ILO. 2022. Iraq Labour Force Survey 2021.

ILO. 2021a. A Diagnostic of the Informal Economy in Iraq. ILO Regional Office for Arab States.

———. 2021b. Extending Social Security to Workers in the Informal Economy: Key Lessons Learned from International Experience.

———. 2023a. Resolution I: Resolution concerning statistics on the informal economy. 21st International Conference of Labour Statisticians, ICLS/21/2023/RES. I.

———. 2023b. Social Protection for Migrant Workers in Countries of the Cooperation Council for the Arab States of the Gulf (GCC): A Regional Mapping of Provisions on Paper and in Practice.

Radhi, R. and Halim, R. 2021. Exploring Building & Construction in Iraq: Examining the Sector's Working Nature, Recent Productions, and Main Challenges. KAPITA Business Hub.

UNESCO. 2019. Construction.

World Bank. 2018. Jobs in Iraq: A Primer on Job Creation in the Short Term.

نووسینگەی ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی لە عێراق
کەمپی نەتەوە یەکگرتووەکان
بەغدا، عێراق

ئیمەیڵ: iraq@ilo.org